# شێوازی شیعری بەپێی قۆناغ و ڕێبازە ئەدەبییەکان

م.ی. دونیا شهاب علی
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
dunya.ali@su.edu.krd

پ.د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان
فاکەڵتی پەروەردە
idrees.kurdesh@su.edu.krd

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شێوازی شیعری بە پێی قۆناغ و ڕێبازە ئەدەبییەکان)دا کراوە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و خستنە ڕووی شێوازە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی شیعری، بە شێوەیەکی گشتی شیعر بە پێی قۆناغەکان لە ڕووی شێواز و تەکنیکەکانی شێوازدا گۆڕانی بە سەردا هاتووە و هەمیشە نەوەی نوێ ئەگەر دوای هەر ماوەیەکی زەمەنی بێ بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە شێوازێکی تازەیان داهێناوە، شیعر وەک ژانرێکی ئەدەبی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکوو ئەمرۆ کۆمەڵێک شێوازی جۆراوجۆری تێدا پێڕەو کراوە، لە هەر سەردەمێک فورمێکی تایبەت بە خۆی هەیە و جیاوازە لە سەردەمی پێش خۆی، چونکە شیعر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زماندا هەیە و هەر گۆرانکارییەک لە ناو ئەو سەردەمەدا ڕووبدات لە شێوازی شیعری ئەو سەردەمەدا ڕەنگ دەداتەوە. شیعر ئەو ژانرە ئەدەبییەیە، کە لە ڕۆحی مرۆڤەوە نزیکترین ژانر بووە و بە زمانی ئاخاوتنی دڵ دەناسرێ.

کلیلەوشە: شێواز، ڕێبازی ئەدەبی، سەردەم، شیعر، شاعیر.

پێشەکی

ئـەم توێژینەوەیــە بــە ناونیشــانی (شــێوازی شــیعری بــە پێــی قونــاغ و ڕێبــازە ئەدەبییــەکان)دا کــراوە، گۆڕانکارییــە یــەک بــە دوای یــەک و خێــراکانی بەرەوپێشــچوونی شــێوازی شـیعری، هــەر لــە ســەرەتای ســەرهەڵدانی شــیعرەوە تاکۆتــا ڕێبــازە ئەدەبییــەکان لــە ڕووی فــۆرم و شــێوازە، تەکنیکــی جۆراوجــۆر دەگرێتەخــۆ، شــیعر ئــەو گڕکانەیــە، کــە لــە هەنــاوی شــاعیردا دەتەنێتــەوە و بــە گشــت لایەکــدا پشــکۆی ســوورەوە بــووی نــاوەوەی بــڵاو دەکاتــەوە. لــە هــەر ســەردەم و ســاتێکدا شــێوازی تایبــەت بــەو ســەردەمە لــە نووســینی شـیعردا پێــڕەو کــراوە و ئــەو بنەمایانــە بــەکار هاتــوون، کــە وەکــوو یاسایەک تایبــەت بــەو ســەردەمە دیــاری کــراوە، هــەر بۆیــەش هــەر ســەردەمێک جیــا لــە ســەردەمەکانی پێــش و دوای خــۆی، شــێوازی شــیعری تایبــەت بــە خــۆی هەیــە. هــەر شــاعیرێک ســەر بــە قوتابخانەیەکــە و دیوانەکــەی خاڵــی نییــە لــەو شــێوازە شــیعرییە.

هــۆی هەڵبــژاردنی ئــەم توێژینەوەیــە: دەرخســتنی چۆنیەتیــی بەرەوپێشــچوونی شــێوازی نــوێ و لادان لــە بــارەی ئاســایی ئاخاوتــن بــۆ بارێکــی تــازەی پــڕ لــە داهێنــان و کاریگــەری.

ئامانجــی توێژینەوەکــە: ئامانجــمان خســتنە ڕووی کاریگــەری و ئــەو گۆڕانکارییانەیــە، کــە هــەر لــە ســەرەتای ســەرهەڵدانی شــیعرەوە لەگــەڵ گەشەســەندنی زمــان بــەرەو پێــش چــووە شــێوازی جۆراوجــۆری لــێ بەرهــەم هاتــووە، ئــەم گۆڕانکارییانــەی لــە نێــوان دەقــە شــیعرییەکانی ئــەو ســەردەمەدا بخەینــە ڕوو.

میتــۆدی توێژینەوەکــە: ئــەم توێژینەوەیــە بــە میتــۆدی وەســفی شــیکاری کاری لــە ســەرکراوە، بــۆ چەمــک و زاراوەی شــێوازە جیــاوازەکانی هــەر ســەردەمێکی شــیعری.

پێکهاتــەی توێژینەوەکــە: ئــەم توێژینەوەیــە لــە پێشــەکی و دوو بــەش و ئەنجــام و لیســتی ســەرچاوە پێکهاتــووە: بــەشی یەکــەم: لــە دوو تــەوەر پێکدێــت، تــەوەری یەکــەم: بــاس لــە چەمــک و زاراوەی شــیعر کــراوە، تــەوەری دووەمیــش: بــاس لـە شـێوازی شـیعری لـە ڕەوتی مێژووییـدا کـراوە. بـەشی دووەم: تایبەتکـراوە بـە شـێوازی شـیعری لـە ئەورووپـادا، ئەوانیـش لـە شــێوازی شــیعری ڕێبــازی کلاســیزم و ڕۆمانســیزم و ڕیالیــزم و ناتۆڕالیــزم و پەڕناســیزم و ســیمبۆلیزم و دادیــزم و ســوڕیالیزم پێکدێــت، لەگــەڵ هێنانــەوەی نموونــەی شــیعری شــاعیران. لــە کۆتایشــدا گرنگتریــن ئەنجامــی توێژینــەوە لــە (٥) خــاڵ کورتکراوەتــەوە، لەگــەڵ لیســتی ســەرچاوەکان و پوختەیــەک بــە هــەردوو زمــانی عــەرەبی و ئینگلیــزی.

بــەشی یەکــەم: چەمــک و زاراوەی شــیعر و شــێوازی شــیعری مێژوویــی

تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی شیعر

ســەرەتای ســەرهەڵدانی شــیعر پێوەســتە بــە قۆناغێــک لــە قۆناغــەکانی گەشەســەندنی زمــان لــەلای مــرۆڤ، کاتێــک کــە زمــان مۆرکێکــی جوانیناســی وەرگــرت و لــە حالەتێکــدا کــە پێشــوو تەنیــا بــۆ دابینکــردنی بەرژەوەندییــەکانی مــرۆڤ بــوو. لـە سـەرەتادا زمـان تەنیـا ئامرازێکـی پێوەنـدی بـوو لـە نێـوان مرۆڤـەکان بـۆ بەدەسـتهێنانی بەرژەوەندییـەک و تێگەیشـتن لـە یەکــتری و دابینکــرنی تایبەتمەندییەکانیــان و زاڵبــوون بەســەر ئاســتەنگەکانی پێــش خۆیــان.

شــیعر گوزارشــتێکی زینــدووە، لــەو شــتانەی مێشــک کۆگەیــان دەکات، لــەو وروژانــەی لــە ناخــدا قەتیــس دەمێنــن و لــەو ســۆز و هەســتانەی کــە لــە دڵــدا پەنــگ دەخۆنــەوە.

شــیعر یەکێکــە لــە توخمــەکانی ئــەدەب، ئــەو ئامرازەیــە مــرۆڤ پەنــای بــۆ دەبــات بــۆ شرۆڤەکــردنی هەڵوێســتی خــۆی دەربــارەی ئــاکار و ڕەفتــارە بــە پێــزەکانی بــۆ ئــەوەی بــە جوانتریــن شــێوە تۆماریــان بــکات و بــە توانــای ئــەدەبی زەقیــان بکاتــەوە و بیکاتــە نموونەیەکــی بــاڵا بــۆ خــۆی و خەڵــکانی دی.

شیعر لە ڕووی زاراوەوە:

شــیعر وشــەیەکی عەرەبییــە لــە (شــعور)ەوە وەرگیــراوە، بریتییــە لــەو هەســتەی مــرۆڤ، لــە بــارەی هــەر شــتێکی دیاریکــراو لەلایــدا دروســت دەبێــت.

ئەگــەر ســەیری فەرهەنگــی زمانــە جیاجیــاکان بکەیــن دەبینیــن، واتــای ئــەم وشــەیە لای هەمــوان لەیــەک نزیکــە، شـیعر لـە زمـانی عەرەبیـدا بەرانبـەرە بـە چاوگـی (شـعر)، بـۆ نموونـە لـە فەرهەنگـی (لسـان العـرب)دا هاتـووە، کـە "شـیعر وتــە گەڵێکــی ڕیزبەندکــراو و ڕێکخــراوە، پێوەســت بــووە بــە کێـش و سـەروا." (ابـن منظـور، ١٩٩٧، ص٤٤٢)، لـە فەرهەنگـی

(محیط المحیط)یشدا شیعر بە هەمان واتا دێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕوونتر دەربڕدراوە، واتە: "هەڵبەستی ڕێکخستنی کێش و سەروایە، بە گوێرەی سیستەمی کێشی شیعری، یان بە گوێرەی تەفعیلەیەک، کە هەمەجۆر بوونی سەرواکانی تیادا ڕەچاو بکرێت، یان پێڕەوکردنی یەک سەروا، گوزارشت لەو شتانە بکات، کە شاعیر هەستیان پێ دەکات" (البستانی، ٢٠٠٩، ص١٣٤)، کەواتە لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا شیعر وشەیەکی ڕێکخراوە، خاوەن کێش و سەروایە، بە مەبەستی گەیاندنی بۆ بەرانبەر، واتە: بە واتای هەستکردن دێت.

فەرهەنگی زمانی کوردیشدا بۆ واتای وشەی شیعر، لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا "هەڵبەست" (هەژار، ١٣٩١، ل٤٩٩) بەکارهاتووە. لە فەرهەنگی (هەرزە)ش "هۆنراوە، هۆزان" (ڕۆستایی، ٢٠١٢، ل١٧٨) بەکارهاتووە. لە فەرهەنگی (شوان)یشدا "هەڵبەست و هۆنراوە" (حسن، ٢٠٠٧، ل٨١٨) بەکارهاتووە. واتە: لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بۆ واتای وشەی شیعر ئەم وشانە (هەڵبەست، هۆزان، هۆنراوە) بە گشتی بەکار هاتوون.

شیعر:

لە کۆنەوە تاوەکوو ئێستە کۆمەڵێک پێناسەی جۆراوجۆر بۆ شیعر کراوە، هەر یەکە بەپێی بۆچوونی خۆی لێکدانەوەی بۆ کردووە. لە کۆندا شیعر لە ڕووی زاراوەوە پێناسەیەکی ڕوواڵەتی بۆ کراوە، ئەویش بەم شێوەیە وتراوە: "ئاخاوتنێکی کێش و سەرواداره بە مەبەست" (جرجانی، ٢٠١٣، ص١٣٠). لەم پێناسەیە دەبینین تەنیا بنەمای مۆسیقا کراوەتە تاکە مەرجی بنیاتی شیعری و بەهای ڕەگەزە هونەرییەکانی تر فەرامۆشکراوە. ناساندنی شێوازی شیعر بەو جۆرە نابێتە پێناسەیەکی ڕاستەقینە، چونکە تەنیا لایەنە ڕوواڵەتییەکەی شیعر نیشاندەدات، حەقیقەتی شیعر ئەوە نییە هەر ئاخاوتنێک کێش و سەروای هەبێ پێی بگوترێ شیعر، بۆ نموونە (شێخ مەعرووفی نۆدی) دەڵێت:

رەئس سەرە عەین چاوە

بەدەن قالب ئسم ناوە (نۆدهی، ١٣٨٩، ل٣٣)

ئەمە شیعری فێرکردنە، پێی دەگوترێ هەڵبەست نەک شیعر، چونکە مەرج نییە بە مەبەست کێش و سەروای بۆ دانرابێ، بەڵام ئەوەی لە سەرووی کێش و سەرواوە بۆ شیعر بنچینەیە، هەبوونی لادانی جۆراوجۆر و وێنەی خەیاڵی و فەنتازیا و هونەرە ڕەوانبێژییەکانە، ئەمانەن، کە دەربڕین لە ئاخاوتنی ئاسایی و زانستییەوە دەگۆڕن و دەیکەنە دەقی ئەدەبی شیعرییەت ئامێز.

دیارە لەگەڵ گۆڕانی سەردەمدا هەمیشە شێوازی شیعریش لە گۆڕاندا بووە، چ لە ڕووی ڕوانینی شاعیرەوە بێت لە بەرهەمەکانیدا، چ لە ڕووی پێویستی ئیستاتیکای وەرگرەوە بێت، کە ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بووە کە چەندان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ شیعر هێناوەتە مەیدانی ڕەخنەوە، چونکە شیعر ناگیرێ و شوێنێکی دیاریکراوی نییە و ناوەستێ و زەمەنەکان دەبڕێت، بۆیە بەردەوام لە گۆڕاندایە و چەندان پێناسەی بۆ کراوە. بۆیە ئێمەش لە خوارەوە هەوڵدەدەین شێوازی شیعری بەپێی قۆناغ و ڕێبازەکان بخەینە ڕوو.

تەوەری دووەم: پێناسەی شێوازی شیعری لە ڕەوتی مێژووییدا:

شێوازی شیعر لای یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان:

لە پێش ئەفلاتون و ئەرستۆ، بیر و بۆچوونی پەرش و بڵاو دەربارەی دەقی ئەدەبی بە گشتی و شێوازی شیعری بە تایبەتی هەبوو، تێبینی مانادارییان خستووەتە ڕوو، لەوانەش (هۆمیرۆس و هیسیود)ن، مەبەست و ئامانج لە شیعر لای هۆمیرۆس "ئەو چێژ بەخشینەیە، کە جۆرێک لە سحر دروست دەکات، بەڵام لەلای هیسیود ئەرکی شیعر فێرکردنە یان گەیاندنی پەیامێکی ئاسمانییە" (عوض، ١٩٦٥، ص٦)، لەلای ئەمانە شیعر بۆ مەبەستی چێژ بەخشین یان فێرکردن و گەیاندنی پەیامی ئایینی بەکار دێت.

بە بیروڕای ئەفلاتون هونەر بریتییە لە لاساییکردنەوەی سروشت، بێگومان شیعریش یەکێکە لە بەشەکانی هونەر، کەواتە شیعریش لاساییکردنەوەی سروشتە. مەبەستی شیعر لای ئەفلاتون "لاساییکردنەوەی شتەکانی جیهانی هەستییە" (الماضی، ٢٠١٠، ل١٨) بەپێی ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون لە بارەی شیعرەوە، کە لاساییکردنەوەی جیهانی نموونەییە لە سەر ئەم بنچینەیە جیهان بۆ سەر سێ بەش دابەش

دەکات، کـە ئەوانیـش جیهـانی نموونەیـی و جیهـانی سروشـت و جیهـانی سـێیەرە.

سـەرهەڵدانی شـیعریش لـەلای ئەفلاتـون وەحـی و ئیلهامـە، شـاعیران لـە ڕێگـەی ئـەو ئیلهامـەی بۆیـان دێـت، شـیعر دەنووسـن، لەبەرئـەوە ناکـرێ شـاعیران ببنـە پێشـەنگ و منـداڵان چاویـان لێبکـەن و کاریگـەری نەرێنـی لـە سـەریان هەبێـت، بۆیـە لـە کۆمارەکـەی خۆیـدا دەریـان دەکات، چونکـە لـە ڕوانگـەی ئەفلاتوونـەوە شـاعیران "بابەتـەکانی خۆیـان لـە کۆمەڵێـک ئەفسـانەی سـەیر و پڕوپـووچ سـەرچاوە دەگـرن و چەنـد وێنەیەکیـان لـێ دروسـت دەکـەن، لەگـەڵ خواسـتەکانی عەقـڵ و لۆجیکـدا ناگونجـێ" (النیـاوی، ٢٠١٠، ص١٢٩). واتـە بـەلای ئەفلاتـوون شـێواز سـیفەتێکە لـە هەنـدێ نووسـیندا بەرچـاو دەکەوێـت و لـە هەندێکـی تـردا نییـە.

ئەرسـتۆیە ئەویـش وای بـۆ دەچێـت، کـە شـیعر لاسـاییکردنەوەیە، هەمـان زاراوەی مامۆسـتاکەی بـەکار هێنـاوە، بـەڵام چەمکێکـی تـازەی پـێ بەخشـیوە کـە دەڵێـت: "شـیعر لاسـاییکردنەوەی سروشـتی مرۆڤـە" (بـدەوی، ٢٠١٩، ل٢٣). واتـە: بەپێـی ئـەم بۆچوونـە ئەرسـتۆ سـەرهەڵدانی شـیعر بـۆ دوو هـۆکار دەگەڕێنێتـەوە، هـەردوو هۆکاریـش پێوەنـدی بـە سروشـتی مرۆڤـەوە هەیـە ئەوانیـش: "یەکـەم: لاسـاییکردنەوە غەریزەیەکـی زگماکـە لەناخـی مرۆڤـدا لـە تەمـەنی منداڵێتییـەوە بـۆی دەمێنێتـەوە، بـە گشـتی جیـاوازی مـرۆڤ لـە بوونـەوەرەکانی تـردا ئەوەیـە، کـە لـە هەمـوو بوونـەوەرانی تـر زیاتـر ئامادەیـی لاسـاییکردنەوەی هەیـە، لـە ڕێگـەی لاسـاییکردنەوە مەعریفـە سـەرەتاییەکانی خـۆی فێـر دەبێـت. دووەم: لاسـاییکردنەوە هۆکارێکـە بـۆ فێربـوون و وەرگرتنـی زانیـاری، مـرۆڤ هەسـت بـە چێژێـک دەکات لـەکاتی بینینـی لاسـاییکردنەوەیەک، هـەر چەنـدە ئێمـە لـەکاتی بینینـی هەنـدێ شـت هەسـت بـە ئـازار دەکەیـن، کەچـی لەهەمـان کاتیشـدا چێـژ لـە بینینـی وەردەگریـن، کـە لەکارێکـی هونەریـدا لاسـایی دەکرێتـەوە بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـک" (حـمادە، ٢٠٢٠، ص٧٩).

بۆچـوونی ئەرسـتۆ غەریـزەی لاسـاییکردنەوە لـەلای مـرۆڤ لـە منداڵییەوەیـە، لاسـاییکردنەوە هـۆکاری فێربـوون و وەرگرتنـی زانیارییـە، وەرگرتنـی ئـەم زانیارییانـەش بـەرەو چێـژ وەرگرتنـمان دەبـات، شـیعریش شـێوەیەکە لـە لاسـاییکردنەوە دەبـێ چێژێـک بـە مـرۆڤ ببەخشـێ و بـەرەو فێربوونمـان ببـات. ئەرسـتۆ دەڵێـت: هەمـوو پارچـە شـیعرێک یـان وتەیەکـی شـیعری بریتییـە لـە: "داشـۆرین، یـان سـتایش و پیاهەڵدانـە" (رشـد، ١٩٧١، ص٥٦). لـە کتێبـی هونـەری شـیعریش لـە بـەشی سـێیەم لـە بـارەی شـێوازەکانی لاسـاییکردنەوە دەڵێـت: "لـە ڕێـگای شـێواز دەتوانیـن جۆرێکـی شـیعر لـە جۆرێکـی دیکـە جیـا بکەینـەوە، جیـاوازی ڕێـگاکانی لاسـاییکردنەوە جـۆرەکانی شـیعری: چیـرۆک و شـانۆ لێـک جیـا دەکاتـەوە" (بـدەوی، ٢٠١٩، ل١٩). واتـە شـێواز سـیفەتێکە لـە هەمـوو بەرهەمێکـی ئەدەبیـدا هەیـە، کـە هـۆکاری لێـک جیاکردنـەوەی بەرهەمـەکانی ئەدەبییـە و لایـەنی بـاش و خراپـی بەرهەمەکانیـش لێـک جیـا دەکاتـەوە و قەناعـەت بـە بەرانبەرەکـەی دەهێنێـت.

هۆراسـیش شـێوازی شـیعر لـە وێنەکێشـان نزیـک دەبێتـەوە لاسـایی بەرهەمـەکانی یۆنـان دەکات و شـاعیر لـە یـەک کاتـدا سـود دەبەخشـێ و چێژیـش دەگەیەنـێ، شـیعر دەبـێ سـیحرێکی تێدابـێ و هەسـتی گوێگـر ڕابکێشـێ، هەروەهـا بـاس لـەوە دەکات شـێوازی تایبـەت لـە شـیعردا دەبێـت سـوود ببەخشـێت، یـان لـەزەت بگەیەنێـت ئـەم بۆچوونـەش دەچێتـە بـواری جوانیناسـییەوە.

شیعری لە سەردەمی عەرەبی جاهیلیدا:

عـەرەبی لـە سـەرەتاوە بـە شـێوازی گـۆرانی سـەری هەڵـداوە، پیشـەی شـیعر لـە سـەردەمی کۆنـەوە کۆمەڵێـک تایبەتمەنـدی و خەسـڵەت و زاراوەی بـۆ دەسـتەبەر بـووە بەشـێوەیەک وامـان لێـدەکات بڵێیـن شـاعیران سـەرجەمیان لـە فۆرمەلەکـردنی نموونـە شـیعرییەکانیان و کار و پیشـەکانیان بـە کۆششـێکی هونـەری ئەوتـۆ ئەنجـام دەدەن، کـە هەمـوو ڕێکەوتوویـن لەسـەر ئـەوەی، کـە نـاوی بنێیـن پیشـە، ئاسـەواری ئەمـەش لـە وێناکـردنی شـیعرەکانیاندا بەرچـاو دەکەوێـت، بـە تایبەتیـش لـە ئـاواز و مۆسـیقای شـیعرەکانیاندا دەردەکەوێـت، بـە تایبەتیـش لـە شـیعری گۆرانیـدا، چونکـە گـۆرانی کاریگـەری فـراوانی لـە گۆڕینـی کێشـەکانی شـیعری عـەرەبی لـە سـەردەمی کۆنـدا هەبـووە.

زانــراوە، کــە موزیــک لــە ســەرەتای ســەرهەڵدانیەوە پێوەنــدی بــە شــیعرەوە هەبــووە، ئەمەشــمان لــەلای یۆنانــە کۆنــەکان تێبینیکــردووە، بــە تایبــەت ئــەو کاتــەی (هۆمیــرۆس) "شــیعرەکانی خــۆی لەســەر ئالەتێکــی موزیکــی تایبــەت بــە گــۆرانی دەوتــەوە، ئــەم حاڵەتــەش بەهەمــان شــێوە لــەلای ڕۆژئاواییــە هاوچەرخــەکان دەبینیــن" (ضیــف، ١١١٩،ص٤١).

شیعری جاهیــلی بریتییــە لــەو شیعرەی، کــە "بــە شێوەی سروود ئاوازخــوازی لــە دایکبــووە، واتــە وەک بیســتراو نــەک وەک خوێنراو، وەک گــۆرانی نــەک وەک نووســین" (ئەدۆنیــس، ٢٠١٣، ل١٤). واتــە: ئــەو شــیعرەیە بــە شێوەی گــۆرانی ســەری هەڵــداوە، لێرەدا لــە شــیعری جاهیلــدا هاوگونجانێکــی قــووڵ لــە نێــوان بەهــای دەنــگ و ئاخاوتــن و ناوەڕۆکــە ســۆز ئامێــز و هەڵچووەکانــدا هەیــە. مەبەســتیش لــە وشــەی ئاوازخــوانی لــە زمــانی عەرەبیــدا واتــای "بــەرز کردنــەوەی دەنــگ دەگەیەنێــت" (ئەدۆنیــس، ٢٠١٣، ل١٦). واتــە ئەســڵی شــیعری جاهیــلی ئەوەیــە، کــە وەک ئــاواز دەخوێنرێــت، کــە شــاعیر خــودی خــۆی بــە ئــاواز شــیعرەکەی بخوێنێــت، شــیعری جاهیــلی بــە زۆری بەســەلیقەوە وتــراون و مۆرکــی پیشــەی شــیعریان هەڵگرتــووە، کــە لــە جــۆرەکانی "ڕوونبێــژی و جوانــکاری و ئاوازخوانیــدا دەردەکــەون" (الفاخــوری، ١٩٨٧، ص٦٢). واتــە: ســەلیقەیەکی تایبــەت لــە مانــا و خەیــاڵ و ســۆز باڵــی بەســەریاندا کێشــاوە، کــە لــە بونیــای شــێوەکانیاندا دەردەکــەون.

ڕووی مانــاوەش شــاعیرەکان ئــەو مانایانەیــان هەڵبــژاردووە کــە "ئاســان و ســانان و لــە ژینگەکەیانــدا بوونیــان هەیــە و کۆششــیان نەکــردووە بــۆ گــەڕان بــە دوای مانــا قووڵــەکان" (الفاخــوری، ١٩٨٧، ص٦٢). واتــە شێوازەکانی شــیعرییان لــە ڕووی ڕووواڵەتــەوە ســادەیە چ لــە ڕووی ژیــان و گــوزەران چ لــە ڕووی هــزر و بیــرەوە، لــە ڕووی داهێنانــەوە لاواز بــووە، لــە ڕووی مانــاوەش بــە دوای مانــای ڕاســت و ڕاســتەقینە و واقیعیەکانــدا گــەڕاون.

شــیعری جاهیلیــدا پێوەنــدی ئــۆرگانی نێــوان شــیعر و گۆرانیــمان بــۆ دەردەکەوێــت، هــەر لێرەشــەوە دەلالــەتی ئــەو گوتنەمــان بــۆ دەردەکەوێــت، کــە عــەرەب دەڵێــت: شــیعر لــە ڕێــگای ئــاوازەوە هاوســەنگ دەبێــت، ئــاواز و کێــش و ســەروا بــە تــەرازووی شــیعر دادەنرێــت. هەریەکەیــان پێــی لەســەر تەنیــا بنەمایــەک داگرتــووە، کــە ناشــێت بــە تەنیــا چەمکــی تــەواوی شــیعر بگەیەنێــت، لــە ڕەخنەگــرانی کــۆنی عــەرەب لەوانــە: (قودامــە ئیــبن جەعفــەر) دەڵێــت: "شــیعر وتەیەکــی کێــش و ســەرواداراوە، کــە واتایــەک دەگەیەنێــت" (جعفــر، ؟، ص١٧). وەک دەبینیــن تەنیــا بنەمــای مۆســیقا کراوەتــە تاکــە مەرجــی بنیــاتی شــیعری و لــە گۆشــەیەکی ڕووواڵەتییــەوە دەڕوانێتــە شــیعر و کێــش و ســەروا ئامــاژە بــۆ ســیمای هــەر دیــاری شــیعر دەکــەن، بــەڵام (ابــن خلــدون) دەڵێــت: "شــیعر ئــەو ئاخاوتنەیــە کــە لەســەر خواســتن و چەنــدان ســیفەتی تــر دامــەزراوە، بەشــەکانی بــە کێــش و ڕەوی ڕێکخــراون و هــەر بەشــێکیش ســەربەخۆیە و پێوەنــدی بــە پــاش و پێــشی خۆیــەوە نییــە و لەســەر شــێوازی عــەرەب ڕێچکــەی گرتــووە" (زیــدان، ؟، ص٥٣). ئــەم پێناســەیەش مەســەلەی مۆســیقای شــیعر و ئاخاوتنــی نــا ئاســایی شــیعر، کــە لەســەر بنەمــای ڕەوانبێــژی دادەمــەزرێ جیــا دەکاتــەوە لــە گوتــەی ئاســایی.

شــێوازی شــیعری جاهیــلی ئــەو شــێوازە شــیعرەیە بــە شــێوەی سرود وتــراوە و لــە ڕێــگای ئــاوازەوە هاوســەنگ دەبێــت، ئــاواز و کێــش و ســەروا بەتــەرازووی شــیعر دادەنرێــت، لــە لاساییکردنەوەشــدا لاســایی هیــچ گەڵێکــی تریاننەکردووەتــەوە، تەنیــا هــی عەرەبــە و تایبەتــە بەخۆیــان و بــەدوای مانــای قــووڵ لــە هەڵبــژاردنی وشــەکاندا نەگــەڕاون.

شیعر لە سەردەمی ئیسلامدا:

بــۆ مــرۆڤ و دونیــا هــەر تەنیــا خوێندنــەوە و دونیابینییەکــی نــوێ نەبــوو، بەڵکــو لەســەر ئاســتی مەعریفــە و لەســەر ئاســتی شــێوەی تەعبیرکــردن نووســینێکی نــوێ بــوو و دابڕانیــشی لەگــەڵ ســەردەمی جاهیــلی دروســتکرد. بەمجــۆرە دەقــی قورئــانی گۆڕانکارییەکــی بەربــڵاو و ڕیشــەیی هێنایــە ئــاراوە. واتــە شــیعری لــە "شــەفەوییەوە بــۆ نووســین گواســتەوە لــە ڕۆشــنبیرییەکی ســەر پێیــی و بەڵگــە نەویســتەوە بــۆ ڕۆشــنبیرییەکی دونیابینانــە، هەروەهــا لــەو تێڕوانینــەی کــە تەنیــا لــە دیــاردەی بتپەرســتەوە دەســتی بــۆ بــوون دەبــرد، بــەرەو تێڕوانینێــک هەنــگاوی نــا کــە لــە قووڵاییــی میتافیزیــکاوە لەبــوون دەڕوانێــت" (ئەدۆنیــس، ٢٠١٣، ل٦٩).

کــە ئیســلام هــات شــیعر پلــە و پێگەیەکــی گرینــگ و ڕەســەنی لــە کۆمەڵگــەی عەرەبیــدا هەبــوو، شــیعر پێشــەنگ و

ڕابـەری کۆمەڵگـە بـوو لـە ڕووی هەسـت و سـۆزەوە. کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا هەندێـک لەگـەڵ ئـەو ڕایـەن، کاتێـک کـە ئیسـلام هـات، شـیعر پلـە و پایـەی خـۆی لەدەسـت دا. کـە ئـەم ئایەتـە دابـەزی "والشـعراء یتبعهـم الغـاوون الم تـر أنهـم فــی کل واد یهیمــون" (ســورەتی الشــعراء ئایــەتی ٢٢٤ ٢٢٥). واتـا: " سـەرگەردان و سەرلێشـێواوەکانیش شـوێنی شـاعیران دەکـەون، ئایـا نابینیـت کـە ئەوانـە لـە هەمـوو دۆڵێکـدا سـەر هەڵـدەدەن و لـە هەمـوو شـتێک دەدوێـن" (امیـن، ٢٠٠٤، ل٣٧٦)، واتـە لێرەدا شـاعیران دوو بەشـن یەکێکیـان خراپـە کارن و ئەویتریشـیان چاکـە کارن. لەوانـەش شـیعر گرینگـی خـۆی لەدەسـت دا، لەبـاتی شـیعر سـەرقاڵی ئاییـن بـوون و خەریکـی ڕزگارکـردنی وڵاتـان بـوون، کـە دەڵێـن: "شـیعر زانسـتێک بـوو لـەلای ئـەم نەتەوەیـە لـەو کاتـەی هیـچ زانسـت و زانینێکـی دیکەیـان نەبـوو، کاتێـک کـە ئیسـلام هـات نەتـەوەی عـەرەب شـیعریان لـە بیرچـوو و سـەرقاڵی شـەڕکردن بـوون دژ بـە فـارس و ڕۆم ئیـدی شـیعر و گێڕانـەوەی شـیعریان پەراوێـز کـرد" (عبدالرحمـن، ١١١٩، ص٦٥). ئـەم بیروڕایـە بۆچـوونی هەندێـک لـە نووسـەران بـووە لـەو سـەردەمەدا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئیسـلام دژایـەتی شـیعری نەکـردووە و سـەرچاوەی شـێوازی شـیعری پێرەوکـراوە لـە نووسـینی شـیعردا لەوانـەش قورئـان و فەرمـوودەکانی پێغەمبـەر (د.خ) بەکارهاتـووە، کەواتـە "هەسـتیاری ڕاسـتەقینە کـە لـە کۆمەڵگـەی ئیسـلامدا شـایەنی ڕێزلێگرتــن و ستایشــە، ئیـتر بابــەتی هەڵبەسـتەکانی هەرچــی بێـت لـە نرخـی کـەم ناکاتـەوە، ئەگـەر هـات و بابەتەکـەی لـە بڕوایەکـەوە هەلقـووڵا بێـت و خاوەنەکـەی تێکۆشـەر و خوانـاس و تەجروبـەدار بێـت" (البصیـر، ١٩٨٣، ل٤٣). لـەم بۆچوونـەوە تێدەگەیـن، کـە نابـێ شـاعیران لـە ڕێچکـەی کۆمەڵایـەتی و خـووە جـوان و ڕەوشـتییەکان لا بـدەن و میللـەت فێـری بەدکـرداری بکـەن.

شـیعر لـەو سـەردەمەدا تۆمارگـەی عـەرەب بـوو، ڕووداوەکانی تێـدا تۆمارکـراوە، شـانازی و پیاهەڵـدان و ئـاکار و ڕەفتـار و شـێوە ڕەوانبێژییـەکانی تیـادا نـووسراوە، شـاعیر پلـە و پایـە و ڕێـزی خـۆی هەبـووە و هەڵوێسـتی "قورئـان بەرانبـەر شـاعیران لـە پلـە و پێگـەی شـیعر کـەم ناکاتـەوە" (عبهـری، ١٩٩٩، ص٢٤).

کەواتـە بـە گشـتی شـیعر لەسـەردەمی ئیسـلامدا، بـە دوو بۆچـوونی جیـاواز سـەیر دەکـرێ، ئـەوەی لـە خزمـەتی ئیسـلامدا بێـت، پێـی چاکـە و بـە پێچەوانەشـەوە ئـەوەی دژی ئیسـلام بێـت بـە شـیعر دانانێـت، نەمـانی شـێوازی شـیعری وەسـفی شـەراب و گاڵتەجـاری و دەرکەوتنـی مەبەسـتی شـێوازی نوێـی شـیعری لەوانـەش سـتایشی خـوا و پێغەمبـەران، کـە شـیعر تەنیـا بەلایـەنی چـاک و هەڵبەسـتی ئامانجـدار دەستنیشـان دەکـرا نـەک بـۆ کاری خـراپ و دژی ئایینـی ئیسـلام.

لـە شـاعیرانی ئـەم سـەردەمە (حسـان بـن ثابت)ـە، کـە شـاعیری پێغەمبـەرە (د.خ)، لـە شـیعرێکدا سـتایشی پێغەمبـەر (د.خ) دەکات، دەڵێــت:

منک لم تر قط، واجمل منک لم تلد النساء

خلقــت مــبرأ مــن کل عیــب کأنــک قــد خلقــت کــما تشــاء

(بـن ثابـت، ٢٠٠٦، ص١٧)

باشــترم لــە تــۆ قــەد نەیدیــوە چاوەکانــم قــەد دایکــێ بـۆنی نەکـردووە، چـاک دەزانـم بـە شـێوەیەک لەدایـک بـووی هەرچـی عەیبـە تێـدا نەبـوو هـەروەک بڵێـی تـۆ خـۆت وێنـەی جەمـالی خـۆت داڕشـتبوو.

شێوازی شیعر لە سەردەمی ئەمەویدا:

لــەم ســەردەمەدا شــێوازی شــیعر پێشــکەوتنێکی دیــاری بەخۆیـەوە بینـی و لـە زۆربـەی بـوارەکان گـۆڕانی بـە سـەردا هــات و بــە شــێوەیەکی خێــرا گەشــەی کــرد. ســەردەمی ئەمەوییـەکان بـە قۆناغێکـی میراتگـر دادەنرێـت لـە نێـوان ئــەدەبی هــەردوو ســەردەمی جاهیــلی و ئیســلامدا.

شـێوازی شـیعر لـە سـەردەمی ئەمەوییەکانـدا مۆرکـی ژیـاری وەرگـرت، بـە شـێوەیەک کـە کاری لـە هەسـت و هـۆشی خەڵکـی دەکـرد، تەنانـەت کاری لـە خـودی شـیعریش کردبـوو لـە ڕێـگای هونـەری گـۆڕانی و تیـۆرە نوێیـەکانی شـیعر، چونکـە "ئـەو کاتـە شـاعیرەکان شـیعرەکانیان دەهۆنیـەوە و ئینجـا دەیانخسـتە بـەردەم گۆرانیبێـژە شـیاو و ئافرەتـەکان تاکـو بیانکەنـە گـۆرانی" (ضیـف، ١٩٧٧، ص٢٩). کەواتـە شـیعری ئەمـەوی لـە ژێـر بارێکـی دەروونی نوێـدا هۆنرایـەوە و کاریگـەری لەسـەر زۆر لایـەنی ژیـان هەبـووە، جگـە لەمـەش دەتوانیـن "گـوێ لـە ئـاواز و لێـدانی ژێیـەکانی شـیعری دڵـداری

بگریـن" (احمـد، ؟، ل٢٧). لێـرەدا ئـەوە دەبینیـن شـیعر بـە مۆسـیقا و گۆرانییـەوە وتـراوە، گۆرانیبێـژی پیـاو و ئافـرەت بەشـدارییان تێـدا دەکـرد، شـیعری دڵـداری گرنگـی پێـدراوە، جگـە لەمـەش شـیعری سـیاسی و سـتایش و شـانازی لەلایـەنی شـاعیرەکان بەدیدەکـران، کـە ئـەم مەبەسـتە شـیعرییانە لـە مەبەسـتە شـیعرییەکانی سـەردەمی پێـش ئەمـەوی جیـاوازن.

یەکێـک لـە شـاعیرەکانی ئـەم سـەردەمە (جریـر)ە، لـە شـیعرێکیدا شـانازی بـە خـۆی دەکات و دەڵێـت:

ندمـت: ومـا تغنـى الندامـة بعدمـا تطوحـت مـن صـك البـزاة الصوائـد (طـه، ؟، ص٣٦٢)

پەشـیمان بوومـەوە، بـەڵام دوای ئـەوەی ڕاوچـی بـە هەمـوو لایەکیـدا ڕوانی و ڕاوی خـۆی کـرد، ئیـدی پەشـیمانی سـوودی نامێنـێ.

شێوازی شیعر لە سەردەمی عەباسیدا:

لـەم سـەردەمەدا تێکـەڵاوی میللەتـان و کاروبـاری بـازرگانی و ئاڵوگـۆڕی ئـەدەبی و گواسـتنەوەی زانیـاری پەیـدا بـوو. ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو پێشـکەوتنە ژیارییـەی، کـە کراونەتـە سـەر زانسـت و ڕۆشـنبیری لـەو سـەردەمەدا، کاریگەرییەکـی بـێ وێنـەی لـە بـەرەو پێشـچوونی شـێوازی شـیعردا کـرد و ڕەنگدانـەوەی لـە تـەرزە شـیعرییەکانی ئـەو سـەردەمەدا هەبـوو، هەروەهـا گۆڕانکارییەکـی بـێ وێنـە لـە یاسـا و ڕێسـا کۆمەڵایەتییـەکانی ئـەو سـەردەمەدا ڕوویانـدا، ئەویـش لەبـەر تێکەڵبـوونی نەتـەوەی عـەرەب لەگـەڵ نەتـەوەکانی دیـدا "بـە تایبـەتی ڕۆشـنبیری فـارسی کاریگەرییەکـی زۆری بەسـەر شـیعری عـەرەبی عەباسـییەوە هەبـوو، کاریگەرییەکـی چڕیـشی بەسـەر ژیـن و ژیـاری عەباسـییەوە هەبـوو، چونکـە چینـی بـاڵای کۆمەڵگـە لـەم سـەردەمەدا پێڕەویـان لـە داب و نەریتـی فارسـەکان دەکـرد" (قـدور، ٢٠١٣، ص١٩). جگـە لـە کاریگـەری فارسـەکان لۆجیکنـاسی یۆنانییـەکان کاریگـەری خـۆی بەسـەر شـیعری عەباسـیدا هەبـووە، "شـاعیرانی ئـەم سـەردەمە هـزر و بیـری فەلسـەفەی یۆنانیـان خزانـدە توێـی شـیعرەکانیان و لـە دەقەکانیانـدا بەکاریـان دەهێنـان" (قـدور، ٢٠١٣، ص١٩).

بـە گشـتی شـێوازی شـیعر لەسـەردەمی عەباسـیدا بـە چەنـد قۆناغێکـدا تێپـەڕ بـووە و بـە شـێوەیەک دەردەکەوێـت وەک بڵێـی بازنـەی پێوەندییـە، کـە ڕابـردوو و داهاتـوو پێکـەوە شـەتەک دەدات، کاریگـەری ڕۆشـنبیری نەتـەوەکانی تـر بەسـەریاندا، بـووە هـۆی دەرکەوتنـی بابـەتی شـێوازی شـیعری نـوێ لـە سـەردەمی پێـش عەباسـیدا ئـەم جـۆرە شـیعرانە نەبـوون.

یەکێـک لـە شـاعیرانی ئـەم سـەردەمە (ابـو نـواس)ە، لـە شـیعری خـود و جیهـان بـاس لـە خەڵـک دەکات، کـە چـۆن بـە دوای کاری ڕۆژانـەدان ئـاگاداری گوناحەکانیـان نیـن، دەڵێـت:

لا تفـرغ النفـس مـن شـغل بدونياهـا رأيتهـا ينلهـا مـن تمنـاه

يـا راكـب الذنـب قـد شـابت مفاقـة أمـا تخـاف مـن الايـام عقباهـا (ابي نـواس، ؟، ص٦٨٧)

ئـەوەی خەریکـی دونیـا بێـت دەسـت بەتـاڵ نـابێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا وەکـوو بینیومـە کـەس لـە دونیـادا بـە ئـاواتی خـۆی نـاگا.

ئـەی ئـەو کەسـەی سـواری گوناحەکانـت بـووی خەریکـە بـەرەو کۆتایـی دەچـی، ئایـا ناتـرسی لـەوەی کـە گووتوویانـە ڕۆژان ڕۆژیـان لـە دوایـە.

شێوازی شیعری سەردەمی نوێ:

شـیعری نـوێ ئـەو شـیعرەیە، کـە ڕوواڵـەتی ژیـان و گوزەران تیایـدا جیـاوازە لـە سـەردەمەکانی پێشـوو، هەڵگـری خەسـڵەتی تایبـەتی خۆیـەتی، زۆربـەی شـاعیرانی ئـەم جـۆرە شـێوازە شـیعرە ئـەو شـاعیرانە بـوون، کـە لـە وڵاتی خۆیانـەوە کۆچیـان بـۆ وڵاتـە ڕۆژئاواییـەکان کـردووە. شـاعیرانی ئـەم سـەردەمە لـە کۆششـدا بـوون، بـۆ ئـەوەی دەقـە شـیعرییەکانیان پـەرەی پـێ بـدەن و بەهـای هونـەری و ژیـاری نـوێ و بابـەتی نـوێ بخزێننـە ناویـەوە.

ئـەم قوتابخانەیـە شـاعیری کـردە خـاوەن بینیـن و تێڕوانینـی خـۆی، سیسـتەمێکی نوێـی داهێنـانی شـێوازی شـیعری بـەکار دەهـات، "زمـانی شـیعری، ژانـرەکان، تەکنیـک، فـۆرم، سیسـتەمی بەیەکـتر چووانـدن و کەرەسـەکانی دەربڕیـن، تـا دەگاتـە ئاسـتەکانی زمـان و بەکارهێنـانی خاڵبەنـدی و ڕێنـوس، هەمـان ئەمانـە نیـن، کـە لـە سـەدەکانی پێشـوو بەکاردەهێـنران" (پیربـاڵ، ٢٠٠٥، ل٧٨). نوێگـەری لـە زۆربـەی لایەنـەکان خزێنرابوونـە نـاو شـێوازی شـیعر، نوێگـەری لـە ڕۆحـی شـیعر و داڕشـتنیدا، بـە شـێوەیەک، کـە بیرۆکـە و سـۆز بەیەکـەوە گـرێ دەدات بـۆ داهێنانێکـی هونـەری ناسـک.

شـێوازی شـیعری نوێـی عـەرەبی (بـدر شـاکر السـیاب و نـازک الملائکـة):

لـــە ڕووی تیۆرییـــەوە وروژانـــدن بـــۆ لایـــەنی شـــیعری پێوەسـتە بـە ژمارەیـەک بیروبۆچـوون، بـە بـەرەو پێشـچوونی ئـەو بیرۆکـە ڕەخنەییانـە لـە نێـوان نەوەیـەک بـۆ نەوەیەکـی دیکـەدا، بـوونی هەیـە، لەنێـو ئـەم چەمکانـەش چەمکـی نوێخـوازی خـۆی بـە بەهێـز دەنوێنێـت، چونکـە نـەوەکانی شـیعری بەنـدە بـەو بیروبۆچوونـە جیاوازانـەی لـە نێـوان یەکـتردا هـەن، ئەمانـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ کاریگـەری هەبـووە لـە گواسـتنەوەی شـیعر لـە قۆناغێکـەوە بـۆ قۆناغێکـی تـر، کـە ئەمـەش بـە بزووتنـەوەی تازەگـەری دادەنرێـت، ئـەم بزووتنەوەیـەش لـە عێراقـدا، لـە سـەر دەسـتی (سـیاب) و (نـازک الملائکـة)دا سـەری هەڵـدا.

سـەیاب "لـە سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی شـیعری ئـازاددا، نوێنەرێکـی سـەرەکی و سـەر مەشـقی سـەرەتاکانی بانگـەوازی ئـەم جـۆرە بزووتنـەوە شـیعرییە" (توفیـق، ١٩٧٩، ص٢٤٨) بێگومـان ئـەم بزووتنـەوە شـیعرییە زۆرتریـن سـوودی لـە بزووتنـەوە تازەگەرییەکـەی پێـش خـۆی بینـووە.

لـە میانـەی باسـکردنمان بـۆ قۆناغـەکانی بەرەوپێشـچوونی شـاعیر ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت، کـە ئـەم شـاعیرە ئاڵوگـۆڕی هـزر و بیـری زۆرە و بەمـەش شـاعیر دەستپێشـخەری لـە شـیعری ئـازاددا هەبـووە و هەمیشـە لـە ڕووی کێـش و سـەرواوە گۆڕانـگاری ئەنجامـداوە. بـۆ نموونـە دەڵێـت:

عطـرت أحلامـي بهـذا الشـذی مـن شـعرک المسترسـل الأسـود

الجـو مـن حـولي، ربیـع حبـا مـن خـدره النـائي إلی الموعـد (السـیاب،١٩٧١، ص٦١)

خەونەکانـم بـەو بۆنـە خۆشـە بۆنـدار کـرد، کـە لـە قـژە ڕەشـە درێژەکـەی تـۆ وەرمدەگـرت. ئـەو کەشـەی دەوروبـەرم بەهـارە، بـە هـۆی ئـەو هەسـتەی هەمـە بـۆ ژوانـە دوورەکـەی.

سـەبارەت بـە شـێوازی شـیعری (نـازک الملائکـة)، بـە هەمـان شـێوە لـە بزووتنـەوەی نوێخوازیـدا ڕۆڵێکـی دیـاری هەبـووە، ڕۆشـنبیرییەکەی تەنیـا لـە یـەک سـەرچاوە نەبـووە، بەڵکـو چەنـدان سـەرچاوەی هەبـووە، جگـە لـە زمـانی عـەرەبی زمـانی تـری زانیـووە، کـە "ئەمـەش ببـووە هـۆی واڵا کـردنی چەنـدان چاوگـی ڕۆشـنبیری و زانیـاری کـەوا لـە چەنـدان ڕەهەنـدی جیـاوازەوە ئەفرانـدی شـیعری و خوێندنـەوەی شـیعریدا پێـڕەو بـکات" (الحمـداني، ١٩٨٠، ص٧). ئەمـەش هەسـت ناسـکی و نەرمـی دەربڕینـەکانی زیاتـر دەکات، دەچێتـە جیهانێکـی نموونەیـی، بەمـەش شـانازی بـە شـیعرەکانی دەکـرا، بەشـێکی لـە شـیعرەکانیشی لایـەنی خەمۆکـی پێـوە دیـارە، چونکـە دایکـی پشـتگیری لـە نووسـینی شـیعری دەکـرد لـە کاتی لـە دەسـتدانی دایکـی ئـەم لایەنـەی زیاتـر بـە سـەردا زاڵ بـوو، لـە لایەکـی تریشـەوە دەگاتـە ترۆپکـی سـۆز و ڕۆحـی کلپـەی جەنگـی جیهـانی دووەم، بەمـەش هیـچ شـتێکی لـە ژیـان بـەدی نەدەکـرد تەنیـا لایـەنی خـەم و تاریکـی نەبێـت.

(نـازک الملائکـة) لـە نووسـینیدا شـێوازێکی زمـانی دیاریکـراوی هەبـوو، زۆرێـک لـەو وشـانەی بـەکار دەهێنـا، لەوانـە وەک: شـەو، دەریـا، بەلـەم، ئەسـتێرە،..... تـا دوایـی هەمـوو ئەمانـە لـە واتـای فەرهەنگییەکـەی بـەرەو واتـای هێمایـی بـەکار هێنـاوە "بـەم هێمابوونـەش جۆرێـک لـە ڕۆمانسـیزمی بـە شـیعرەکانی پێبەخشـیبوو، بـۆ نموونـە شـیعری خەونـەکان شـەوی پێوەسـت کـردووە بـە ژیـان، لـەم بارەیـەوە دەڵێـت:

ان أکـن عاشـقة اللیـل فـکأسي مـشرق بالضـوء والحـب الوریـق" (البـصري، ١٩٧١، ص٧١)

ئەگـەر مـن ئاشـقی شـەو بـم ئـەوا جامەکـەم ڕووناکـە بـە ڕووناکـی و خۆشەویسـتی.

شێوازی شیعری مەهجەر(تەڕاوگە):

ئـەدەبی مەهجـەر بـە گشـتی و شـێوازی شـیعر بـە تایبـەتی کەوتـە بـەر کاریگـەری کـۆن و نـوێ و ڕەسـەنایەتی و نوێگـەری، ئـەم جـۆرە شـیعرە تـوانی بابەتـە شـیعرییەکانی لەسـەر لایـەنی چەمکـە نـوێ و سـەردەمییەکانی ژیـانی هاوچـەرخ وەربگرێـت، کـە کۆچبـەرەکان تیایـدا ژیـاون، لەلایەکـی تریشـەوە "گوزارشـتی لـە دەنگـی نەتەوەگـەری و عەرەبایـەتی دەکـرد" (الخـوص، ١٩٨٦، ص١٠٠). هەرچەنـدە ئـەم جـۆرە شـێوازە شـیعرە لـە ئەمەریـکا سـەری هەڵـدا، بـەڵام ئـەدگار و سـیمای ڕۆژهـەڵاتی هەڵگرتبـوو، مـۆرک و ڕوخسـاری عـەرەبی وەرگرتبـوو، واتـە: "ئـەو شـیعرەیە، کـە خەیاڵـی و نـا واقعییـە

و دووره لـە عەقـڵ و نزیکـە لـە سـۆز و هەسـتەوە" (خلیـل، ٢٠١١، ص١١٧).

لێـرەدا یەکێـک لـەو تایبەتمەندییانـەی لـە شـیعردا سـەری هەڵـدا، لایـەنی سـۆزداری و ڕەوشـتی و نەتەوەیـی بـوو، لـە شـیعری شـاعیرانی مەهجـەر ڕەنگـی دایـەوە. مەبەسـت لـە لایـەنی سـۆزداری ئەوەیـە "کـە گوزارشـت و دەربڕینـی بـە پـەرۆش و سـۆزی خـزم و کـەس و کار و دۆسـتانە بـۆ نیشـتیمان دەردەکەوێـت" (حسـن، ٢٠١١، ص١٧)، ئەمـەش بەهـۆی دوورکەوتنـەوەی شـاعیران لـە زێـدی خۆیـان، لایـەنی سـۆزداری بـۆ نیشـتیمانی خۆیـان، لـە شـیعرەکانیان ڕەنگـی داوەتـەوە.

بـە گشـتی دەتوانیـن بڵێیـن: شـێوازی شـیعری عـەرەبی مەهجـەر ئـەو شـیعرەیە، کـە دووره لـە عەقـڵ و نزیکـە لـە هەسـت و سـۆزەوە، زیاتـر تایبەتمەنـدی سـۆز و ڕەوشـت و نەتەوەیـی تیایـدا بەدیدەکرێـت و ئـەو سـەردەمەی تێـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، کـە کۆچبـەرەکان تیایـدا ژیـاون.

(ابی مـاضی) یەکێکـە لـە شـاعیرانی ئـەم سـەردەمە، بـۆ نموونـە دەڵێـت:

رضیت نفسی بقسمتیها فلیراود غیری الشهبا

کل نجـم لا اهتـداء بـه لا أبالـی لاح أو غربـا (ابی مـاضی، ؟، ص١٨١)

خـۆم ڕازی کـرد بـە بەشـەی وی، بـا قـات و قـڕی ڕوو لـە غەیـری مـن بـکا.

هـەر ئەسـتێرەیەک ڕێگـەم نیشـان نـەدا، بەلامـەوە گرنـگ نییـە، دیـارە، یـان خـۆی ون دەکا.

بەشی دووەم: شێوازی شیعر لە ئەورووپای نوێدا:

لـەم سـەردەمەدا شـێوازی شـیعر بەپێـی ڕێبـازە ئەدەبییـەکان گـۆڕانی بەسـەردا هاتـووە، لـە خـوارەوە دەیانخەینـە ڕوو:

شێوازی شیعری کوردی لە ڕێبازی کلاسیزمدا:

کلاسـیزم یەکـەم و کۆنتریـن ڕێبـازی ئەدەبییـە، لـە یۆنـانی پێـش زایـین دروسـت بـوو، لـە ئەورووپـا لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤـدەم لـە فەڕەنسـا سـەری هەڵدایـەوە، ئـەم ڕێبـازە گەڕانـەوە بـۆ هونـەری کـۆنی یۆنـان و ڕۆمـان بـە پشتبەسـتن بـە بزاڤـی هیومانیـزم و ڕێنسانسـە. واتـە: ئـەو بەرهەمـە ئەدەبییانـەن کـە لـە سـەردەمی گریـک و ڕۆمانـەوە بـە دەسـتمان گەیشـتووە، یۆنانییـەکان خـاوەن ئەدەبێکـی بـەرز و مـەزن بـوون، دوای ئاوابـوونی خـۆری دەسـەڵاتی یۆنانییـەکان ئـەوا ڕۆمانییـەکان بـوون بـە میراتگریـان، فەلسـەفە و زانسـت و ئـەدەبی یۆنانییـەکان بـە بناغـەی فەلسـەفە، زانسـت و ئـەدەبی خۆیـان پەسـەند کـرد. شـیعرەکانی ئـەم ڕێبـازە کلاسـیکە نوێیـە "گەڕانەوەیەکـە بـۆ واقعیەتێـک، کـە دوور بێـت لـە تەمومـژاوی و نـا ڕوونی لـە شـیعر" (الحلبـونی، ٢٠٠٩ــ٢٠١٠، ص٣٠٧). واتـە دەقـی ئـەدەبی پێوەسـتە بـە ئەدەبیـاتی گریـک و ڕۆمانـەوە، بـە هەنـدێ تایبەتمەنـدی نوێـوە.

شـیعری ئەدەبیـاتی کلاسـیزمی کوردیـش ئـەو دەقانـە دەگرێتـەوە، پێـڕەوی شـێوازی نووسـینی کلاسـیزمیان کـردووە یەکـەم شـاعیری ئـەو ڕێبـازەش بابـا تاهیـری هەمەدانییـە لـە سـەدەی یـازدەی زاینیـدا. هەرچەنـدە بنەمـاکانی کلاسـیزمی کـوردی هەنـدێ جیـاوازن لـەو بنەمایانـەی کـە ئەورووپییـەکان بـۆ ئەدەبیـەکان دیاریيانکردبـوو، چونکـە ژینگـە و سـەردەم و بارودۆخـە سـەرهەڵدان و سـەرچاوەی کلاسـیزمی هەمـان بـارودۆخ نییـە، بـەڵام زاراوەکەیـان وەرگرتـووە بەسـەر ئـەو قۆناغـە شـیعرییە بەکارهاتـووە، چونکـە ئـەو زمانـەی نووسـەر بەکاریهێنـاوە زمـانی عەقـڵ و مەنتیـق بـووە، زیاتـر پشـتی بـە هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی بەسـتووە، یەکێـک لـە شـاعیرەکانی ئـەم ڕێبـازە (نالی)یـە بـۆ نموونـە دەڵێـت:

ماهی من تەنیا مەهێکە صەد نوجومی مەحو کرد

یـاری مـن تەنیـا گوڵێکـە صـەد هـەزاری گرتـووە (نـالی، ١٩٧٦، ل٥٣٩)

شێوازی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا:

لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی هـەژدەم و سـەرەتاکانی سـەدەی نۆزدەهـەم زاراوەی ڕۆمانسـییەت بـەو شـێوازە شـیعرانە دەوتـرا، کـە پێچەوانـەی یاسـای کلاسـیکییەکان بـوو، واتـا هـەر دەقێکـی شـیعری کـە ڕەهەنـدە نوێیـەکانی شـێوازی شـیعری بەرجەسـتە بـکات، شـاعیرانی ڕۆمانسـیزم لـە شـیعرەکانییاندا خۆیـان بـە هیـچ دەسـتوورێکی ئەدەبییـەوە نەدەبەسـتەوە، لەبەرئـەوە لـە شـیعردا تیۆرێکـی سەربەسـتیان بـەکار دەهێنـا، شـاعیر بـە ئـارەزووی خـۆی شـتەکانی لێـک دەدایـەوە، لـەم سـەردەمەدا "خەیاڵـی داهێنەرانـە و گوزارشـتی خـودی هۆگـر بـوون، بـە سروشـت، وەکـوو بابەتێکـی ئـەدەبی پێوەرێـک

بـووە بـۆ دەقـە ئەدەبییـەکان" (وهبـه، ؟، ص٤٨٧). شـاعیرانی ئـەم ڕێبـازە نووسـینەکانیان "بـە خـەم و خواسـتە نەتەوەیـی و نیشـتیمانپەروەرییەوە ڕەنگڕێـژ دەکـرد و تاکڕەوییـان تیـادا پێـڕەو دەکـرا" (عبدالنـور، ١٩٧٩، ص١٣٣). واتـە شـێوازی شـیعر دەربڕینـی هەسـت و سـۆز بـووە، ئەگـەر شـیعر لای کلاسـیکەکان زاڵبـوونی عەقـڵ بەسـەر هەسـت و سـۆزدا بـوو بێـت، ئـەوا شـێوازی شـیعر لای ڕۆمانسـیزمەکان سـۆزی تیـادا بـاڵا دەسـتە، بەسـەر بنەمـاکانی دیکەیـدا و بایەخێکـی زۆریـان بـە ئەندێشـە و خـەون دەدا.

ئەگـەر سـەیری ڕۆمانسـیزمی کـوردی بکەیـن، وەکـوو زۆربـەی وڵاتـانی ئەورووپـا بـەر لـەوەی وەکـوو ڕێبازێکـی ئـەدەبی سـەر هەڵبـدات و بێتـە نـاو ئەدەبیـاتی کـوردی، ئـەوا لـە نـاو ئـەدەب و بەرهەمـی شـاعیرانی کـورددا هەبـوو. بـەڵام وەکـوو قوتابخانـە و ڕێبـازی ئـەدەبی لـە بەرهەمـەکانی (پیرەمێـرد، شـێخ نـوری شـێخ سـالح، گـۆران،........ تـاد) بـەدی کـرا. ئەمانـەش لـە ژێـر کاریگـەری ئەدەبیـاتی تورکـی بـووە، نووسـەر زمـانی هەسـت و سـۆزی تیکـەڵ بـە بابەتـەکانی کـردووە، زیاتـر زمـانی هەسـت بزوێنـە، شـاعیر دەیـەوێ لـەو زمانـە ڕزگار بێـت کـە پێـڕەوی یاسـا گشـتییەکانی ڕەوانبێـژی دەکات، کـە خـودی خـۆی تێـدا بەرجەسـتە نابێـت، بەڵکـو شـاعیر دەیـەوێ لـە شـێوازی زمـانی نووسـنیندا داهێنـان بـکات و شـێوازی تایبـەت بەخـۆی هەبێـت، دەربـڕی هەسـت و سروشـت و سـۆزە مرۆڤایەتییـەکان بێـت.

دڵـدار لـەو بارودۆخـەی بـە سـەر میللـەتی کـورددا هاتـووە، تـووشی نائومێـدی و ڕەشـبینی بـووە، بـە خەیاڵێکـی ڕۆمانسـیزمی پـڕ سـۆز و ئەندێشـە بـاس لـەو ئازارانـە دەکات، دڵـدار لـە شـیعری (خەندەکـەی بایـی)دا دەڵێـت:

لە ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی

فریشـتەی پاکـی هیوامـی نیشـاندام وا کـە بیدوێنـم (دڵـدار، ٢٠١٩، ل٦٥)

شێوازی شیعری لە ڕێبازی ڕیالیزمدا:

لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم زاراوەی ڕیالیـزم بـەو شـیعرانە دەوتـرا، چارەسـەرییەکی مارکسـیانەی بـۆ پرسـەکانی ژیـان خسـتە ڕوو، ڕەخنـەی لـەو سـەرمایەدارییە دەگـرت، کـە لـە کۆمەڵگـەدا هەبـوو، ئەمـەش هەڵوێسـتێکە جیـا لـە کلاسـیک و ڕۆمانسـیزم. دەربڕینـی واقیعـی سۆشـیالیزمی لای نووسـەری ڕیالیـزم بایەخێکـی گرنگـی هەبـوو. شـاعیری ڕۆمانسـیزم، بـۆ نموونـە وێنـەی جـوانی سروشـت لەبـەر جوانییەکـەی خـۆی دەکێشـێت. بـەڵام شـاعیری ڕیالیـزم ئـەو وێنەیـە دەکێشـێت، کـە لـە ئـازارەکانی پرۆلیتاریـا هەسـتی پێـدەکات، لەبـەر جوانییەکـەی نـا، بەڵکـو لەبـەر ئـەو حەقیقەتـەی هەیـەتی، واتـە شـیعر ڕەنگدانـەوەی حەقیقەتـە نـەک هەسـت و سـۆز و خەیـاڵ پـەروەری واتـە ڕیالیـزم ڕێبـازی ئـەو کەسـانەیە "لـە شـیعردا خوازیـاری ئـەوەن، کـە گوزارشـتکار و ڕەنگدانـەوەی واقیـع بێـت، نـەک ڕەنگدانـەوەی نموونـە خەیاڵییـەکان" (شـحید، ٢٠٠٥، ص٤٢٩). ئـەوان بـە دوای ئـەو حەقیقەتـەوە وێـڵ بـوون، کـە گوزارشـتی لـە واقیعـی حاڵـی کۆمـەڵ دەکـرد، کەرەسـتەی واقیعییـان وەردەگـرت، دووبـارە بـە واقیعێکـی دیکەیـان دروسـت دەکـردەوە.

دەتوانیـن بڵێیـن سـەرەکیترین جـۆری ئـەدەبی لـە سـەردەمی ڕۆمانسـیزمدا شـیعر بـووە، بـەڵام لـە سـەردەمی ڕیالیـزم بەلایانـەوە ڕۆمـان لـە هەمـوو ژانـرەکانی دیکـەی ئەدەبـی باشـتر بـووە، رۆمـانی (دایـک) نموونەیەکـی دیـاری ئـەو قۆناغەیـە.

ئەدەبیـاتی ڕیالیزمـی کـوردی لـە پـاش جەنگـی جیهـانی دووەم وەکـوو قوتابخانەیەکـی ئـەدەبی خـاوەن تایبەتمەندیـی خـۆی جێگیـر بـوو، یەکێـک لـە شـاعیرانی ئـەم سـەردەمە (دڵـزار)ە شـیعرەکانی بـە نموونـەی بـەرزی ئـەم ڕێبـازە دادەنرێـت، (دڵـزار) لـە شـیعری (گـۆرانی کارگـەران)دا بـاس لـە ئازایـەتی و قارەمانییـەتی نەتـەوەی کـورد دەکات، دەڵێـت:

کارگەرین جەنگاوەرین رەنجبەرین، تێکۆشەرین

بـۆ قـەڵای سـەرمایەدار تێکدەریـن، تێکدەریـن (دڵـزار، ٢٠٠٦، ل٣٧)

شێوازی شیعری لە ڕێبازی ناتۆڕالیزمدا:

ئـەم ڕێبـازە لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەهـەم لـە ئەورووپـا سـەری هەڵـدا، فەڕەنسـا لانکـەی سـەرهەڵدانی ئـەم ڕێبازەیـە، (ئەمیـل زۆلا) "ئـەم ڕێبـازەی گرتـە ئەسـتۆ و تـوانی بیکاتـە ڕێبازێکـی تایبـەت و جـودا لـە ڕێبـازی ڕیالیـزم، کردییـە ئەزموونێکـی زانسـتی نـەک ڕێچکـەی زانسـتی وەکـوو ڕێبـازی ڕیالیـزم" (الطاهـر، ١٩٨٣، ص٤١).

(سـیروس شەمیسـا) لـە بـارەی پێناسـەی شـیعری ناتۆڕالیزمـدا دەڵێـت: "ناتۆڕالیـزم ڕێبـازی ڕۆماننوسـییە، چەنـد بابەتێکـی شـانۆی ناتۆڕالیستیشـمان هەیـە، کـە ناوبانگیـان پەیداکـردووە، بـەڵام شـیعری ناتۆڕالیسـتی دەگمەنـە، شـیعرەکانی فرانسـۆ کۆپـێ، کـە بـاوەڕی بـە دیـتن و ئەزمـوون بـوو، بەناتۆڕالیسـتی دانـراون" (شەمیسـا، ٢٠١٨، ل٥٦).

کەواتـە ڕێبـازی ناتۆڕالیـزم وەک هـەر ڕێبازێکـی دیکـەی ئـەدەبی، لەنـاو شـێوازی دەقـە شـیعرییەکان بـە تایبـەتی مەسـەلەی سروشـت و گرنگیـدان بـە سروشـت و ئێـش و ئـازارەکانی تـاک و کۆمەڵگـە ڕەنگـی داوەتـەوە، زمـانی دەقـە ئەدەبییەکانیـشی ئـەو شـێوازە زمانییەیـە، کـە لـە پێوەنـدی ڕۆژانـەدا لەنـاو خەڵـک بـاو بـوو و بـەکار دەهـات.

ڕێبـازی ناتۆڕالیـزم وەک هـەر قوتابخانـە و ڕێبازێکـی تـری ئـەدەبی لـە ئەدەبیـاتی کوردیـدا بـوونی هەیـە، لـە نـاو دەقـە شـیعرییەکان بـە تایبـەتی لـە مەسـەلەی سروشـت و گرنگیـدان بـە سروشـت و ئێـش و ئـازاری کۆمەڵگـە و دابونەریتـی و هـەژاری و چەنـدان لایـەنی تـر، بـۆ نموونـە (دڵـدار)ی شـاعیر لـە ڕووی گرنگیـدان بـە زانسـت و مەعریفـە، گیانفیدایـی ڕۆڵـەی کـورد بـۆ وڵات و نیشـتیمانەکەی، وەکـوو شـاعیرێکی بـە توانـا و بەهرەمەنـد سـوود وەرگرتـن لـەم ڕێبـازە جیهـانی شـیعری فـراوان کـردووە، لـەم بارەیـەوە دەڵێـت:

من ڕۆڵەی کوردستانم تازە ڕۆڵەی کوردانم

تاکو وڵات سەرکەوێ فیدایە ڕۆح و گیانم

پێویسـتی مـە زانینـە زانیـن بناغـەی ژینـە (دڵـدار، ٢٠١٩، ل٦١)

واتـە ڕۆڵـەی کوردسـتان هەمیشـە گیـانی خـۆی فیدایـی وڵات و نیشـتیمان کـردووە، بۆیـە گـەلی کـورد پێویسـتی بـە زانینـە، ئەگـەر یەکێـک بـێ زانسـت و زانیـاری بێـت بـە مـردوو حیسـاب دەکرێـت، بۆیـە یەکێـک لـە بنەمـاکانی شـێوازی شـیعری ئـەو سـەردەمە گرنگیـدان بـە زانسـت و مەعریفەیـە.

شێوازی شیعری لە ڕێبازی پەڕناسیزمدا:

ڕێبـازی پەڕناسـیزم ڕێبازێکـی شـیعرییە، پـاش لاواز بـوونی ڕێبـازی ڕۆمانسـیزم، وەکـوو بـەر بەرپەچدانەوەیـەک بەرانبـەر بـە زێدەڕۆیـی کـردنی شـاعیرە ڕۆمانسـیزمەکان لـە بەرجەسـتەکردنی سـۆز و دەرخسـتنی خـودی تاکـە کـەسی، لەسـاڵی (١٨٩٠) بەرابەرایـەتی (لـۆ کونـت دولیـل) پەیـدا بـوو. "لـە سـاڵی (١٨٦٦) کۆمەڵـە شـیعرێک لـە پاریـس بـە ناونیشـانی (پارنـاسی هاوچـەرخ) لـە چـاپ درا، کـە بریتـی بـوو لـە هەڵبژاردەیـەک لەشـیعرەکانی شـاعیرە بەناوبانگـەکانی ئـەم ڕێبـازە." (کەریـم، ٢٠١٣، ل٩١).

شـێوازی شـیعری لـەلای پەڕناسـیزمەکان نیشـانە و هێـمای ناخـی کەسـێکە، کـە هەسـت و سـۆزەکانی کـپ کـردووە. پێبەنـدی ئیسـتاتیکای "هونـەر بـۆ هونـەر" (راغـب، ٢٠٠٣، ص٩٧) بـووە. بەمـەش شـیعری پەرناسـیزم دژی شـیعری ڕۆمانسـزمی وەسـتاوە، شـاعیری پەرنـاس نایـەوێ ناوەرۆکـی شـیعرەکانی بریتـی بێـت لـە هیـوا و ئـاوات و خواسـتە دەرونییـەکان، بەڵکـو تەنیـا بـاوەڕی بـە هونـەری بـوون هەیـە و گرنگـی بـە جـوانی سـیما و شـێوازی دەربڕیـن دەدات.

(د. فەرهـاد پیربـاڵ) لـە بـارەی پێناسـەی شـیعری پەڕناسـیزم دەڵێـت: "شـیعری پەرنـاس شـیعرێکی فۆرمالیسـتە بـێ ئاوێتەکـردنی هیـچ سـۆزێک و وێنـەکانی واقیـع دەگوێزێتـەوە، شـیعر سـەنعەتکارییە، کـە دەتوانێـت دەسـت بەسـەر هەڵقووڵیـنی سروشـتدا بگرێـت و لـە باڵاتریـن قاڵبـی هونەریشـدا دایبرێژێـت" (پیربـاڵ، ٢٠٠٦، ل١٣٤). بەپێـی بۆچـوونی ئـەم پێناسـەیە دەتوانیـن بڵێیـن شـیعری پەڕناسـیزم ئـەو شـێوازە شـیعرەیە، خـۆی لـە هەمـوو لایەنیکـی کۆمەڵایـەتی و ڕەوشـتی بـە دوور دەگـرت، لـە جیـاتی ئەوانـە بـە پلـەی یەکـەم گرینگـی بەلایـەنی ڕوخسـار و قاڵبـی شـیعری و جوانـاسی لـە ریتمـی مۆسـیقا داوە، واتـە شـیعر بەلایەنـەوە دوور بـوو لـە مەسـەلەی ئەندێشـە و شـیعر بەلایەنـەوە سـەنعەت بـووە، نـەک ئیلهـام.

گـۆران وەکـوو شـاعیرێکی بـە توانـا و بەهـرەوە چێـژی لـە جـوانی و ئسـتاتیکای هونـەری وەرگرتـووە، بـە سـوود وەرگرتـن لـە ڕێبـازی پەڕناسـیزمیش، لـە سـەر بنچینـەی میتافیزکـی و سـتاتیکا دامـەزراوە جیهـانی شـیعری خـۆی فراوانـتر کردووەتـەوە، تابلۆیەکـی شـیعری و وێنەیەکـی جـووڵاوە دەخاتـە بـەر دیـدی خوێنـەر و دەیخاتـە بـەر دەریـای بیـر کردنـەوە و ڕامانێکـی قـووڵ، هەمـوو هەوڵیـان بـۆ لایـەنی ڕوخسـار بـوو، لـە ڕووی شـێوازی زمانیشـەوە زمانێکـی سـادە

و ســاکاریان بــەکار دەهێنــا، دوورکەوتنــەوە لــە دەربڕینــی لــە دەربڕینــی ئالــۆز، بەمــەش شــیعر لــە ڕووی شــێوازی دەربڕینـەوە دەگەیشـتە لووتکـەی جـوانی و لـە بابـەتی شـێوازی فێرکـردن دوور دەکەوتـەوە و شـیعر بـۆ شـیعر بـووە، (گـۆران) لـە شـیعری (جـوانی بـێ نـاو)دا بەلایـەوە کوردسـتان هێشـتا شارسـتانێتی دەسـتی نەداوەتـێ، دار و بـەردی لـە جوانیـدا بەرچاوتـرە. لـەم بارەیـەوە دەڵێـت:

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،

کـە لـە ژێـر سـێبەری تووتـڕکا خامۆشـە (گـۆران، ١٣٨٦، ل٦٥)

شێوازی شیعری لە ڕێبازی سیمبۆلیزمدا:

سـیمبۆلیزم لــە کۆتاییــەکانی ســەدەی نۆزدەهەمــدا، وەکــوو کاردانەوەیــەک دژ بــە ڕێبــازەکانی ڕۆمانســیزم و پەرناسـیزم لەلایـەن هەنـدێ نووسـەر وەک (مالارمـێ، بۆدلێـر، جـان مۆریـس) و هەنـدێ نووسـەری تـر، کـە ڕۆڵیـان لـە دامەزرانــدنی ســیمبۆلیزمدا هەبــووە، دەرکــەوت.

سـیمبۆلیزم شـەپۆلێکی ئـەدەبی نـوێ بـوو، هەوڵـی سەربەسـتکردنی چوارچێـوەی تەکنیکـی شـێوازی شـیعری دەدا، بـەو پێیـەی کـە شـاعیر سەربەسـت بـێ لـە دەربڕینـی هـزر و گەیانـدنی بۆچوونـەکانی بـە خوێنـەر، ئەمـەش وەک "کاردانەوەیـەک بـۆ هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە واقیعـن، هـەر بۆیـەش (ڤلادیمیـر سـولوفیف) لـە ڕێگـەی ڕەمـزی شـیعرییەوە لەبـواری ئەدەبـدا دەسـتیپێکرد" (الحلبـوني، ٢٠٠٩ــ٢٠١٠، ص٣٠٦). بەپێـی ئـەم بۆچوونـە سـیمبۆلیزمەکان لـە میانـەی ڕەمـزی شـتەکانەوە تەعبیریـان لـە مانـا شـاردراوەکانی پشـتی واقیعـەوە دەکـرد، پێیـان وابـوو شـاعیر لـە میانـەی هێـمای شـتەکانەوە دەتوانێـت دەقێکـی ئیسـتاتیکی بـە خوێنـەر بگەیەنێـت.

بــە کــورتی شــێوازی شــیعری ســیمبۆلیزم خســتنە ڕووی بابەتێکـە بـە شـێوەیەکی ئامـاژە و نادیـار بـە وشـە و ڕسـتەی ڕەمـزی، بەمـەش بەشـێکی زۆری ئـەم وێنانـەی پـڕن لـە هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی لـە میانـەی ڕەمـزەوە گوزارشـتیان لـە واقیـع دەکـرد و ڕێسـای کێـش و سـەروایان تێکشـکاند، بەمـەش شـیعری ئـازاد سـەری هەڵـدا، شـێوازی شـیعری گـۆڕانی بەسـەردا هـات، شـیعر چیـتر دیـلی کێـش و قافیـە نەبـوو، مەبەسـتی شـیعریش گەیانـدنی حالەتێکـی ویـژدانی شـاعیر بـووە، لـەم لایەنـەوەش لـە شـێوازی شـیعری سـەردەمەکانی تـر جیـاوازە.

یەکێـک لـە شـاعیرانی ئـەم ڕێبـازە (لەتیـف هەڵمـەت)ە بـە وشـەی جـوان و وێنـەی پـڕ لـە شـیعری (خـەوی ون بـوو) دا دەڵێـت:

خەوم بینی پەنجەکانم چۆڵەکە بوون

چۆڵەکەی وەرزی ئەوین

لە ناو باخی پرچەکەتدا هەڵدەفڕین

خـەوم بینـی مـن منـاڵ بـووم تـۆش هەنگویـن (هەڵمـەت، ٢٠١٤، ل٨١)

شێوازی شیعری لە ڕێبازی دادایزمدا:

لـە ئاکامـیماڵوێـرانی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی سـاڵانی (١٩١٤ ١٩١٨)دا، ژمارەیــەک ئەدیــب و نووســەری ســەر بــە چینــی بۆرجــوازی بەیاننامەیەکیــان بڵاوکــردەوە تیایــدا لەدایکبــوونی ئــەم ڕێبازەیــان ڕاگەیانــد، (تریســتان تــزار (Tristan Tzara ڕابــەری ئــەم ڕێبــازە بــوو.

دادایــزم دەرئەنجامــی دەرهاوێشــتەی ئــەو بارودۆخــە سـیاسی و کۆمەڵایەتییـەی جیهـان بـوو، کـە مەینـەتی کوشـتار و بێئومێـدی، دۆخـی کۆمەڵایـەتی و ئابـووری سـەختیان لـێ بـەدی هاتبـوو، هـەر بۆیـە بۆچوونیـان بـۆ شـیعر "هەمـوو شـتێ پێکەنینـاوی گاڵتەکـردن بـوو بـە ژیـان و مـرۆڤ و دەربڕینــی ڕووخــانی بــاوەڕی مــرۆڤ و شــاکاری ئــەدەبی و هونـەری بـوو" (پیربـاڵ، ٢٠٠٦، ل٣١٥)، هـەر لەبـەر ئەمەشـە دادایزمــەکان لــەکارە هونــەری و ئەدەبییەکانیانــدا، نەیانتــوانی هیــچ بەهایەکــی بــاش بــە هونــەر و شــاکاری هونــەری ببەخشـن. تەنانـەت لـە بەیاننامەکانیشـیاندا ئـەم بۆچوونەیـان ڕوون کردووەتــەوە.

دادایــزم لەنێــو ئــەو جوڵانەوانــەی شــیعری نوێــدا وەک بلیمەتێــک بەرانبــەر بــە دونیــای داهێنــان بــە تایبــەتی لــە هەڵومەرجـی شـەڕی یەکەمـی جیهانیـدا لـە دایـک بـوو ئـەم لایـەنی ڕەشـبینی و نائومێـدی کۆمـەڵ لەنـاو ززمـانی دەربڕینـی شـێوازی شـیعریدا ڕەنگیدایـەوە و بەرپـا بـوو.

دادایـزم لـە ئـەدەبی کوردیـدا لـە لایـەن چەنـد شـاعیرێکەوە دەرکـەوت، لەوانـە (ئەنـوەر مەسـیفی) و (فەرهـاد پیربـاڵ)ە

لـە شـیعری (سـەرگە ڤـاز)دا (پیربـاڵ) دەڵێـت:

دەتبینم، ئەی شیعر، لە دوورەوە:

دوو کەڵێکی مۆر لە پەنجەرەی چاوەکانتەوە

هەڵدەستێ

شانەکانت

تک

تک

پەشیمانیی ئێوارانی لێ دادەچۆڕێ

ئاوازەکانت:

هەڵ

وە

ر

ی

و

قافیەکانیشت وەک کۆت و زنجیر لە دوواتەوە

یەک یەک تێکشکاو. (پیرباڵ، ١٩٩٩، ل٣٨)

شێوازی شیعری لە ڕێبازی سوریالیزمدا:

جەنگــی یەکەمــی جیهــانی و هەڕەشــە ســامناکەکانی پێشــکەوتنی زانســت و تەکنەلۆژیــا و پیشەســازی، لەگــەڵ نالەبـاری جەنجاڵییـەکانی شارسـتانییەتی تـازەی سـەدەی بیسـتەم، کــە مرۆڤیــان لــە ئەورووپــا تــووشی بــێ ئومێــدی و ســەر لێشـێوان و هــەرەس و پارچــە پارچەیــی کردبــوو، هۆکارێکــی سـەرەکی بـوو لـە دامەزرانـدنی ئـەم ڕێبـازە، کەواتـە سـوریالیزم لــە نێــوان هــەردوو جەنگــی جیهانــدا ســەری هەڵــدا.

بۆچـوونی سـوریالیزم بـۆ شـیعر لەوەدایـە کـە شـاعیرەکان شـێوازی شـیعرەکانیان بەگوێـرەی حـەز و ئـارەزوو و سـەلیقەی خۆیـان دەردەخـەن و ئـازادی بـە ئـەدەب و مـرۆڤ دەبەخشـن، چونکـە پێیانوایـە "شـیعر ئـەو هێزەیـە بـۆ ئـازاد بـوونی مـرۆڤ هــەوڵ دەدات، کــە پێویســتە شــیعر لەلایــەن هەمووانــەوە بەرهـەم بهێنرێـت، نـەک تاکـە کـەس، بۆیـە لای ئـەوان شـیعر ئامانــج نییــە، بەڵکــو هۆکارێکــە بــۆ ئازادانــە دەربڕینــی دەروون" (حسـێن، ٢٠٢١، ل٢٩). چونکـە شـیعر پـەی بردنـە بـە قووڵتریـن چینـەکانی ویـژدان و ناخـی مـرۆڤ، ڕەخسـاندنی کەشـێکی ئـازاد و گرنگـی نـەدان بـە یاسـا و سیسـتەمی شـیعری و ڕێکخسـتنی کێـش و سـەروا و لایـەنی ئیسـتاتیکی و جوانـکاری، بەڵکـو ئامانجییـان تەنیـا ئەوەیـە "تاسـە مەنـگ خـواردووەکانی نـاخ و دەروونیـان دەربخـەن و هـەوڵ بـدەن تۆماریـان بکـەن لـە شـیعر و ئەدەبـدا" (قبـش، ؟، ص٦٣٢). بەمـەش دەسـەڵاتی دەروون بەسـەر دەسـەڵاتی عەقڵـدا پێـڕەو دەکـرێ.

(رنـە کروڤیـل) بـەم شـێوەیە پێناسـەی شـیعری سـوریالیزم دەکات و دەڵێـت: "شـیعر لەلایەکـەوە بـۆ لایەکـی دی، لـە فۆڕمـی شـتێکەوە بـۆ وێنـەی زەینـی ئـەو شـتە، لـە وێنـەی زەینــی شــتێکەوە بــۆ چەمکــی ئــەو شــتە لــە چەمکــی شــتێکەوە بــۆ واقیعــی دیاریکــراوی دەرەکــی ئــەو شــتە، پـرد لێـدەدا، دەپەڕێتـەوە.... شـیعر ڕێگـەی ئازادییـە" (سـید حســێنی، ٢٠٠٦، ل٢٤١).

ســوریالیزم لــە ئــەدەبی کوردیــدا لــە لایــەن هەنــدێ شــاعیرانەوە دەرکــەوت یەکێــک لــەم شــاعیرانە (ســەباح ڕەنجــدەر)ە، پشــت بــە خــەون دەبەســتێت وەکــوو سوریالیســتێک دێــت خــەون بینیــن دەکاتــە ســەرچاوەی داهێنــان و ژیــانی خــۆی لــە یەکــەم ڕۆژی چوونــە قوتابخانــە خــەون دەبینێــت پــەرە بــە زمــانی خــۆی دەدات کــە ئەمــە یەکێکـە لـە خاسـیەتەکانی سـوریالیزم، لـەم بارەیـەوە دەڵێـت:

خەونبینین هاوتای جانتای گەشت و خۆشبەختییە

خەون ئەی کراسی بۆنخۆشی

یەکەمین ڕۆژی چوونە قوتابخانە

بــە دەنگێکــی خوودایــی شــتێک بدرکێنــە (ڕەنجــدەر، ٢٠١٨، ل٥٣)

لــە دوای ئــەوەی هەنــدێ لــەو بۆچوونانــەی لــە بــارەی شــێوازی شـیعریم، بەپێـی قۆناغـەکان خسـتە ڕوو، کـە هـەر قۆنـاغ و ڕێبازێکـی ئـەدەبی بەپێـی بـار و سـەرنج و لێکدانـەوەو بۆچــوونی خــۆی بــاسی شــێوازی شــیعری دەکات. کەوابێــت شـیعر زمـانی ڕاسـتەقینەی شـاعیرە و لـە ئەزمـوون و بەهـرەی ئـەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت، ترپـە و بۆچوونـە و هەڵچـوونی دەروونیـەتی، کـە بـە چەنـد وشـە و ڕسـتەیەکی پـڕ واتـا و خەیاڵێکـی فـراوان دەخاتـە ڕوو.

شــێوازی شــیعری لــەلای میللــەتی کــورد بــە گشــتی شــێوازی دەربڕینــی ئەدەبــە، هــەر شــاعیرێک بەشــێوازێک لـە شـاعیرێکی تـر جیـا دەکرێتـەوە، بەپێـی ئـەو قۆنـاغ و سـەردەمەی کـە تیایـدا ژیـاوە، ڕەنگدانـەوەی بـاری ژیـانی

شـاعیر، کاردەکاتـە سـەر وێنـەی شـیعری و لـە شـاعیرانی تـر جیـا دەبێتـەوە لـە ڕووی وێنـەوە، کـە هەریەکەیـان بـە شـێوازێک گوزارشـت لـە ئـازار و موعانـاتی خۆیـان دەکـەن و بـە کێـش و مۆسـیقای تایبـەت شـیعرەکانیان دەردەبـڕن.

شـاعیر لـە ڕێـگای شـێوازی شـیعری یـان ڕوخسـاری هونەرییـەوە ناوەڕۆکـی هونـەری شـیعری خـۆی نمایـش دەکات. لـە زمـانی شیعریشـدا گوزارشـت لـە یاسـا زمانییـەکان دەکات، پێوەنـدی شـیعریش بـە سـەردەمەوە مەسـەلەیەکی گرینگـە، چونکـە هـەر سـەردەمێک چێـژی وێنـەی تایبـەتی خۆی هەیـە، لـە شـێوازی شیعری ئـەو سـەردەمە کـە شاعیرە کـوردەکان تیایـدا ژیـاون لـە شـیعرەکانیاندا ڕەنـگ دەداتـەوە. بـە گشـتی شـێواز پێوەنـدی بـە زمانـەوە هەیـە، شـاعیر بـە هـۆی ئـەو زمانـەی بەکاردەهێنـێ جـۆرە شـێوازێک بەرهـەم دێـت، لـە شـاعیرەکانی پێـش خـۆی جیـای دەکاتـەوە.

ئەنجام

١. شـێوازی شـیعری جاهیـلی ئـەو شـێوازە شـیعرەیە، کـە بـە شـێوەی سرود وتـراوە لـە سـەردەمی ئیسـلامی بۆچـوونی جیـاواز بـۆ شـیعر سـەری هەڵـداوە و مەبەسـتی شـێوازی نوێـی شـیعری لەوانـە سـتایشی خـوا و پێغەمبـەران پێڕەوکـران، لـە سـەردەمی ئەمـەوی و عەباسـیش فۆرمـی نـوێ لـە نووسـینی شـیعردا پێڕەوکـراو شـیعری دڵـداری گرنگـی پێـدرا.

٢. لـە سـەدەی بیسـتەم شـیعری عـەرەب نوێبوویـەوە، بـە تایبـەتی لـە سـەر دەسـتی (بـدر شـاکر السـیاب و نـازک الملائکـة) فۆرمـی شـیعری ئـازاد پێڕەوکـرا، جیـاواز بـوو لـەو شـێوازە شـیعریەی، کـە لـە سـەردەمی پێـش خۆیـدا بـوونی هەبـووە و بـە هـۆی شـاعیرانی هەنـدەران شـیعر شـێوازێکی جیـاوازی بـە خۆیـەوە بینـی.

٣. شـیعری کلاسـیزمی نوێـش لـە ئەورووپـا، جیـاوازە لـەو شـیعرە کلاسـیکەی لـە کـۆن هەبـووە، لـە ڕووی شـێوازی دەربڕینـی زمـانی و گرنگیـدان بـە هونـەرە ڕەوانبێژییەکانـەوە.

٤. لـە ڕێبـازی ناتۆڕالیزمیشـدا زیاتـر گرنگـی بـە لایـەنی سروسـت و ئێـش و ئـازاری نـاو کۆمەڵگـە و داب و نەریتـی هـەژاری و چەنـدان لایـەنی تـر دەردەبڕێـت، بـەڵام لای پەڕناسـیزمەکان شـێوازی شـیعری بـە پێـی نیشـانە و هێـمای ناخـی کەسـەکان و هەسـت کـردن بـە سـۆزەکان بـووە، تەنیـا گرنگـی بـە جـوانی و سـیما و شـێوازی دەربڕیـن دەدات.

٥. شێوازی شـیعری سـیمبۆلیزمیش وەک کاردانەوەیـەک دژ بـە ڕێبـارەکانی ڕۆمانسـیزم و پەڕناسـیزم سـەری هەڵـدا و لـە ڕووی کـورت و درێـژی بڕگـە و ڕێسـاکانی کێـش سـەروایان تێکشـکاند و شـێوازی نوێیـان پێڕەوکـرد و لـە دواتـردا دادایـزم لـە نێـو ئـەو جولانـەوە شـیعرە نوێیـە سـەری هەڵـدا و ڕەنگدانـەوەی نـا ئومێـدی و ڕەشـبینی نـاو کۆمەڵگـە دەخاتـە ڕوو، هەرچـی سوریالیزمەکانیشـە لـە ڕووی شـێوازی شـیعرییەوە شـیعری وێنەییـان داهێنـاو بـە شـیعر وێنەیـان دەکێشـا و کـە تەعبیـر لـە وێنەکـە بـکات.

لیستی سەرچاوەکان:
قورئانی پیرۆز
یەکەم: بە زمانی کوردی
أ. کتێب:
١. امیـن، بورهـان محمـد، (٢٠٠٤)، تەفسـیری ئاسـان بـۆ تێگەیشـتنی قورئـان، لـە بڵاوکـراوەکانی کتێبخانـەی رۆشـنبیر، هەولێـر.
٢. ئەدۆنیـس، (٢٠١٣)، شـیعریەتی عـەرەبی، وەرگێـڕان: عەبدوڵموتەڵیـب عەبدوڵڵا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شـڤان، سـلێمانی.
٣. احمـد، ئـاری صبحـی، (؟)، غـەزەل و قەسـیدەکانی حاجـی قـادری کۆیـی لـە ژێـر تیشـکی لێکۆڵینـەوەدا، چاپخانـەی رۆژهـەڵات، هەولێـر.
٤. بـدەوی، عەبدولرەحـمان، (٢٠١٩)، هونـەری شـیعری ئەرسـتۆ، وەرگێـرانی: رەمـەزان حەمەدەمیـن، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی چوارچـرا، کۆیـە.
٥. البصیر، کامـل حسـن عزیـز، (١٩٨٣)، رەخنەسـازی مێـژوو و پەیـرەوی کـردن، چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری عێـراق، بغـداد.
٦. پیربـاڵ، فەرهـاد، (٢٠٠٥)، شـیعری نوێـی کـوردی، دەزگای کوردسـتان، هەولێر.
٧. پیربـاڵ، فەرهـاد، (٢٠٠٦)، ڕێبـازە ئەدەبییـەکان، چاپـی دووەم، چاپخانـەی، منـارە، هەولێـر.
٨. حسـێن، سـالار کەریـم، (٢٠٢١)، نووسـینی ئۆتۆماتیکـی لـە شـیعری نوێـی کوردیـدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی سـەردەم، سـلێمانی
٩. سـەید حسـێنی، رەزا، (٢٠٠٦)، قوتابخانـە ئەدەبییـەکان، وەرگێـڕانی: حەمـە کریـم عـارف، چاپـی یەکـەم، دەزگای موکریـان، هەولێـر.
١٠. شەمیسـا، سـیروس، (٢٠١٨)، ڕێبـازە ئەدەبییـەکان، وەرگێـڕانی: هیمـداد حوسـێن و سـەنگەر نـازم، چاپـی یەکـەم، ئاوێـر بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێـر.
١١. کەریـم، ئـازاد عەبدالواحیـد، (٢٠١٣)، ڕێبـازە ئەدەبییـەکان، چاپـی دووەم، چاپخانـەی ئاڤێسـتا، کەرکـوک.
١٢. الماضی، شـوکری عزیـز، (٢٠١٠)، تیـۆری ئـەدەب، وەرگێـرانی: سـەردار ئەحمـەد گـەردی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ماردیـن، هەولێـر.
ب. دیوانی شیعر:
١٣. پیربـاڵ، فەرهـاد، (١٩٩٩)، سـپاییەکانی نـاو رەش رەشـاییەکانی نـاو سـپی، بڵاکـراوەکانی نووسـینگەی گۆڤـاری وێـران، هەولێـر.
١٤. دڵـدار، (٢٠١٩)، ئامادەکـردنی رەمـەزان حەمەدەمیـن و سـەنگەر نـازم، چاپـی یەکـەم لـە بڵاوکـراوەکانی کتێبخانـەی سـۆفیا، کۆیـە.
١٥. دڵـزار، (٢٠٠٦)، پێداچوونـەوەی: ئـازاد دڵـزار، چاپـی دووەم، بەرێوەبەرایـەتی چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.
١٦. رەنجـدەر، سـەباح، (٢٠١٨)، بەرگـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی تـاران.
١٧. گـۆران، عەبدوڵڵا، دیـوانی گـۆران، (١٣٨٦)، چاپـی سـێیەم، بڵاوکراوەی پانیـز، تهران.
١٨. هەڵمـەت، لەتیـف، (٢٠١٤)، چاپـی یەکـەم، ناوەنـدی غەزەلنـووس بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، سـلێمانی.
١٩. نـالی، دیـوانی نـالی، (١٩٧٦)، لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەی: مـەلا عبدولکەریمی مودەریـس، فاتـح عبدالکەریـم، پێداچوونـەوە: محەمەدی مـەلا کەریـم، چاپـی دووەم، چاپخانـەی کـۆری زانیـاری کـوردی، بەغـدا.
ج. فەرهەنگ:
٢٠. رۆستایی،سـادق ئەحمـەد عوسـمان، جنـان سـەعید، ڕەسـول عـەلی، ڕەسـول ئەحمـەد، بێگـەرد تەهـا، حاجـی خـدر، (٢٠١٢)، فەرهەنگـی هـەرزە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.
٢١. حسـن، شـوکت مـەلا اسـماعیل حسـن، (٢٠٠٧)، فەرهەنگـی شـوان، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە، هەولێـر.
٢٢. نۆدهـی، شـێخ مەعـرووفی، (١٣٨٩)، فەرهەنگۆکـی ئەحمـەدی، لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەی: محەمـەد محەمـەد زادە، چـاپ اول، انتشـارات کردسـتان، سـنندج.
٢٣. هـەژار، (١٣٩١)، فەرهەنگـی هەنبانـە بۆرینـە، چاپـی هەشـتەم، سروش، تهـران.
دووەم: بەزمانی عەرەبی:
أ. کتێب:
٢٤. البـصری، عبدالجبـار داود، (١٩٧١)، نـازک الملائکـة الشـعر و النظریـة، دار الحریـة للطباعـة، بغـداد.
٢٥. توفیـق، حسـن، (١٩٧٩)، شـعر بـدر شـاکر السیاب (دراسـة فنیـة و فکریـة) الطبعـة الاولى، المؤسسـة العربیـة للدراسـات و النـشر، بیـروت.
٢٦. جرجـانی، أبي الحسـن عـلی بـن محمـد بـن عـلی جرجـانی، (٢٠١٣)، التعریفـات، الطبعـة الرابعـة، دار الکتـب العلمیـة، بیـروت لبنـان.
٢٧. جعفـر، لأبي الفـرج قدامـە، (؟)، نقـد الشـعر، تحقیـق: کـمال مصطفـى، الطبعـة الثالثـة، مکتبـة الخانجـی، القاهـرة مـصر.
٢٨. حسـن، عـلی بکـر، (٢٠١١)، جمهـرة أشـعار المهجـر، دار نینـوی للدراسـات و النـشر و التوزیـع، سـوریة دمشـق.
٢٩. الحلبـونی، خالـد، (٢٠٠٩ ٢٠١٠)، تاریـخ الادب، منشـورات جامعـة دمشـق، دمشـق.
٣٠. حـمادە، ابراهیـم، (٢٠٢٠)، کتـاب ارسـطو فـن الشـعر، مکتبـە الأنجلـو، مـصر.
٣١. الحمـدانی، سـالم أحمـد، (١٩٨٠)، ظاهـرة الحـزن فی شـعر نـازک الملائکـة، مۆسسـة دار الکتـب الوطنیـة، بغـداد.

٣٢. خليـل، ابراهيـم، (٢٠١١)، مدخـل لدراسـة الشـعر العـربي الحديـث، الطبعـة الرابعـة، دار المسـيرة للنـشر و التوزيـع والطباعـة، عـمان.
٣٣. الخـوص، احمـد، (١٩٨٦)، نظـرات فی الأدب العـربي الحديـث، الطبعـة الثالثـة، المطبعـه العلميـة، لبنـان.
٣٤. رشـد، أبي الوليـد (١٩٧١)، تلخيـص كتـاب أرسـطو طاليـس فی الشـعر، الكتـاب الثالـث و العـشرون، مطابـع الاهـرام التجاريـه، القاهـره.
٣٥. راغـب، نبيـل، (٢٠٠٣)، موسـوعة النظريـات الأدبيـة، الطبعـة الأولى، دار نوبـار للطباعـة، القاهـره.
٣٦. زيـدان، جرجـی، (؟)، تاريـخ اداب اللغـة العربيـة، الجـزء الاول، دار مكتبـة الحيـاة، بيـروت.
٣٧. شـحيد، جـمال، (١٤٣٧هـ ٢٠٠٥)، د. وليـد قصـاب، خطـاب الحداثـة فی الأدب، الطبعـة الأولى، دار الفكـر، دمشـق.
٣٨. ضيـف، شـوقی، (١١١٩)، الفـن و مذاهبـه فی الشـعر العـربي، الطبعـة الثالثـة عـشرة، دار المعـارف، القاهـرة.
٣٩. ضيــف، شــوقی، (١٩٧٧)، التطــور و التجديــد فی الشــعر الامــوی، الطبعــة السادســة، دار المعــارف، مــصر.
٤٠. الطاهـر، عـلی جـواد، (١٩٨٣)، الخلاصـة فی مذاهـب الادب الغـربي، منشـورات دار الجاحـظ للنـشر، بغـداد.
٤١. طـه، نعـمان محمـد اميـن، (؟)، جريـر حياتـه و شـعره، دار معـارف، مـصر.
٤٢. عبدالرحمـن، عائشـه، (١١١٩)، قيـم جديـدة لـلادب العـربي القديـم و المعـاصر، الطبعـة الثانيـة، دار المعـارف، القاهـرة.
٤٣. عبهـری، كـمال جـبری اميـن، (١٩٩٩)، شـعر الـصراع بيـن الاسـلام و خصوصـه فی عـصر النبـوة، الطبعـة الاولى، دارالمناهـج للنـشر و التوزيـع، الاردن.
٤٤. عـوض، لويـس، (١٩٦٥)، نصـوص النقـد الأدبي اليونـان، الجـزء الأول، دار المعـارف بمـصر، القاهـره.
٤٥. الفاخـوری، حنـا، (١٩٨٧)، تاريـخ الأدب العـربي، الطبعـة الثانيـة عـشرة، مكتبـة البولسـية، بيـروت.
٤٦. قبـش، احمـد، (؟)، تاريـخ الشـعر العـربي الحديـث، دار الجيـل، بيـروت.
٤٧. قـدور، سـكينه، (٢٠١٣)، محـاضرات فی أدب العـصر العبـاسی، مطبوعـات البيداغوجيـة لكليـة الادب والحضـارة الإسـلامية، قسـنطينة.
٤٨. النيـاوی، أحمـد، (٢٠١٠)، جمهوريـة أفلاطـون، الطبعـة الأولى، دار الكتـاب العـربي، مـصر.
ب. ديوانی شيعر:
٤٩. بـن ثابـت، ديـوان حسـان، (٢٠٠٦)، تحقيـق: عبدالله سنره، الطبعـة الاولى، دار المعرفـة للطباعـة و النـشر و التوزيـع، بيـروت لبنـان.
٥٠. السياب، ديوان بدر شاكر، (١٩٧١)، دار العودة، بيروت.
٥١. ابی مـاضی ديـوان ابی مـاضی، (؟)، دراسـة عـن ايليـا أبـو مـاضی، دار العـوده، بيـروت.
٥٢. ابی نواس ديوان ابی نواس، (؟)، دار صادر، بيروت.
ج. فەرهەنگ:
٥٣. البسـتانی، المعلـم بطـرس، (٢٠٠٩)، محيـط المحيـط، (قامـوس مطـول للغـة العربيـة)، الجـزء الخامـس، الطبعـة الأولى، دار الكتـب العلميـة، بيـروت لبنـان.
٥٤. عبدالنـور، جبـور، (١٩٧٩)، المعجـم الأدبي، الطبعـة الأولى، دار العلـم للملاييـن، بيـروت.
٥٥. ابـن منظـور،ابی الفضـل جـمال الديـن بـن محمد بـن مكـرم، (١٩٩٧)، لسـان العـرب، المجلـد الثالـث، الطبعـة الأولى، دار صـادر للطباعـة و النـشر، بيـروت لبنـان.
٥٦. وهبه، مجدی، (؟)، معجم مصطلحات الادبي، مكتبه لبنان، بيروت.

**الملخص**

الأسلوب الشعري حسب المراحل والمذاهب الأدبية

هـذا البحـث تحـت عنـوان (الأسـلوب الشـعري حسـب المراحـل والمذاهـب الأدبيـة) محاولـة لتحليـل وإظهـار الأنمـاط المختلفـة لظهـور الشـعر، بشـكل عـام تغـير الشـعر وفقـاً للمراحـل مـن حيـث الأسـلوب والتقنيـات، ودائمـاً مـا ابتكـر الجيـل الجديـد أسـلوباً جديـداً بعـد فـترة زمنيـة لعـدّة أسـباب. الشـعر كنـوع أدبي منـذ بدايـة ظهـوره وحتّـى اليـوم تـم اتباعـه في عـدد مـن الأشـكال المختلفـة، ففـي كلّ عـصر لـه شـكله الخـاص و يختلـف عـن عـصره السـابق، لأن الشـعر لـه علاقـة مبـاشرة باللغـة، وأيّ تغـيرات في تلـك الحقبـة الزمنيـة تنعكـس عـلى أسـلوب الشـعر في ذلـك العـصر. الشـعر هـو النـوع الأدبي الّـذي كان أقـرب نـوع في النفـس البشريـة ويعـرف بلغـة كلام القلـب.
الكلمات الدالة: الأسلوب، الأسلوب الأدبي، العصر، الشعر، الشاعر

## Abstract

Poetic Style According to the Literary Approaches and Phases

This research is entitled (Poetic Style According to the Literary Approaches and Phases) and it is an attempt made to analyze and present the different styles that have occurred in poetry since its emergence. Generally, poetry has changed in terms of style and the style techniques according to the stages and after passing some time, due to one factor or another, the later generation developed another style. Since its emergence up to now, a number of different styles have seen developed in poetry as a literary genre. Poetry has had a specific form at each time and stage that is distinct from its previous time and stage. This is because there is a direct connection between language and poetry, any changes occurred at period of time, it is reflected in the poetry of that period. Poetry is the closed literary genre to human soul and spirit and has been known the spoken language of heart.
***Keywords:*** *style, literary approach, phase, poetry, poet.*